# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل9

بەشی هەشتەم...


ساڵی هەشتەم ژمارە (177) بەرواری 15-10-2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## واز لە بەڵێن و دروشمی سیاسی پوچ بۆ دوای هەڵبژاردن بهێنن، موچەی مانگی ۹ ی فەرمانبەران دابین بکەن!!



لە کاتێکدا سەرانی وردو درشتی بۆرژوازی کورد، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا خەرکی بەخشینەوەی بەڵین و درۆو فریوکارین و باسی ئاوەدانی و ئارامی و خزمەتگوزارییەکانیان دەکەن، کەچی پرسی دابینکردنی موچە بۆتە مۆتەکەی سەر سنگی فەرمانبەران و رۆژ بەرۆژ بەدەست دواکەوتنی موچەوە

بۆ لاپەڕە 3

## خەڵکی کوردستان نابێ ڕیگە بدەن کەشی ترس و تۆقاندن و نائارامی سایە بکاتە سەر شوێنی کارو ژیانیان....



دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بەسوکایەتی و بێ ڕێزی و شکاندن و ناو زراندن و هەڵدانەوەی فایلی تاوانکارانەی یەکتری دەستی پێکرد، لەگەڵ چوونە پێشەوەی بانگەشەکان و نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانیش ئاستی جنێو و سوکایەتی و ناوزراندن و هەڵدانەوەی دۆسیەی تاوانکارایانەی یەکتریش روو لەهەڵکشانە... ئەم جۆرە لە بانگەشەی هەڵبژاردن، بەجیا لە ناوەرۆکی چینایەتی و تایبەتمەندێنی ئەو

بۆ لاپەڕە 3



## کەمپەینی بۆپێشەوە

بەدژی یاسای هەمواری باری کەسێتی و بەیاساییکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منالان...لاپەڕە 7

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- هوشیاری ژنان خەباتە بۆ یەکسانی نەك بەشداری لە هەڵبژاردن............................ل4
- ئەوەی لە کوردستان هەیە پەرلەمان نییە..................................................ل4
- بەرێزان سالار سۆفی و شوان سدیق وەڵامی پرسی رۆژیان داوەتەوە....................ل5ـ6
- نامەیەکی لینین رۆژێك بەر لەشۆرشی ئۆکتۆبەر بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی......ل6
- خۆشباوەری بە هەڵبژاردن...بەشداری لە هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە............ل10


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"




هاوڕێ تاهیر حەسەن وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل11-12

## وتەی ژمارە

## بایکۆت بەوێنەی گۆشەیەك لە هەنگاوێکی گەورەتر!

عەبدوڵا مەحمود

دەڵێن هەڵبژاردن هیچ ناگۆڕێت. دەڵێن هەزار هەڵبژاردنیش بکرێت، حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستبەرداری دەسەڵات نابن. دەڵێن خەڵک بچێت بۆ دەنگدان و دەنگ نەدان پێشتر دەسەڵات بۆ حزبە چەکدارەکان براوەتەوە. دەڵێن بایکۆتیش دەوری نییەو هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت... بێگومان ئەمانە هەموو راستن و مەبنای بەشداری نەکردنی خەڵکیش لە هەڵبژاردنەکاندا پێکدەهێنن. بەجیا لەوانەش بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چینی کریکار و توێژە بێبەش و



کەم دەرامەتەکان، هیچ متمانەیەکیان بە حزبەکانی دەسەڵات نەماوە. لە سێ دەهەی رابردودا، نەک هەر دوای چوار ساڵیک کۆمەڵگەیان بەرەوە دواوە بردووە، بەڵکو ساڵ بەساڵ و مانگ بەمانگ خەڵک ئاخ بۆ پێشتر دەخوازن. بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کارنامەیەکیان تۆمار کردووە، کە وێنەی لە دنیادا، لە بێمافی و سەرکوت، لە دزی و تالانی و نۆکەرپیشەییدا نییە. هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانیش لەپێش هەموویانەوە بزوتنەوەی گۆران، کە بەبانگەشەی گەورەو بە کاراکتەری نەوشیروان مستەفای باوکی هەژاران!! ە هاتە مەیدان، بە ملیۆنێری کۆتایی بە ژیانی هێناو سەروەتە سەدان ملیۆن دۆلاریەکەی کردە وەسیەت بۆ کوڕەکانی، و بەمەش تەوریسی سیاسی تۆختر کرد. جوڵانەوەی نەوەی نوێ کە لەسەر پایەی بازرگانی و کۆمپانیاسازی، هاتە نێو دنیای سیاسەت و ویستی گۆڕینی کۆمپانیاکانی بۆ حزبی سیاسی کردۆتە بژاردەو بانگەشەی حزبی سیاسی و تەماحی دەستگیر بوون لەدەسەڵاتی هەیە، ناتوانێت لە بزوتنەوەی گۆڕان واوەتر بڕوات و فریوی جەماوەر بدات. بزوتنەوەی گۆڕان گورزێکی هێندە کاریگەری لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی وەشاند، کە پشت راستکردنەوەی ئاسان نییە. ڕێکخراو گروپە ئیسلامیەکانیش لە کوردستاندا هیچ شانسێکیان بۆ پایە داکوتان و گرتنە دەستی دەسەڵات نییەو بە بنەما و پایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نامۆن.

بەکورتی هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ بێ متمانەیی جەماوەری کوردستان، بەدەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن و کارنامەی نەنگینیان دەگەڕێتەوە، کە رۆژ لەدوای رۆژ خەڵکی بێبەشی کوردستان روبەرووی گرانی،

بۆ لاپەڕە 2


ل8 گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل5,6 پرسی رۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

بێکاری، برسێتی، هەژاری بێ خزمەتگوزاری و دەکەن و سەرکوت و هەوسارپچڕاویان بەرامبەر بە دەنگە نارازییەکان زیاد دەکات. ئەم کارنامە شەرماوەرە بۆتە هۆی پچرانی پەیوەندی جەماوەر بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و هاوکاتیش سەرچاوەی نارەزایەتی جەماوەری، بەڵام ئەمە کافی نییە...

هێشتا خەڵکی کوردستان دژی پرانسیپی هەڵبژاردن نین و رەتی ناکەنەوە، بەڵکو بۆیە دژی هەڵبژاردنن کە حزبەکانیان ناوێت و تورەن لە کارنامەیان. خۆ ئەگەر خەڵک بەهەمان ئەندازەی دژی حزبە سیاسییە بۆرژوازییە دەسەڵاتدار و کارنامەکەیانن، دژی هەڵبژاردن و دیموکراسی پەرلەمانی بوونایە، دەیتوانی جگە لە حزبەکان خودی ئەم ئەلگۆیەی هەڵبژاردنیش تێپەڕێنێت. کە دەمێکە بە تەجروبە دەرکەتووە کە دیموکراسی پەرلەمانی و هەڵبژاردنەکانی ناتوانن ئاڵوگۆری بەرجەستە پێکبهێنن و ماف و ئازادی و خواستەکانی جەماوەری مەیسەر بکەن. لەناو جەرگەو دڵی وڵاتانی لانکەی دیموکراسیدا هەڵبژاردنەکان هیچ نین جگە لە گۆرانی دەم و چاوەکان و جێگۆرکێی حزبەکان. هەڵبژاردنەکان دەست بۆ پایەی چینایەتی و سیستەمی سیاسی و ئابوری نابات و ئامڕازو ئۆرگانە خاوەن بریارەکان لەدەرەوەی بازنەی هەڵبژاردنەکانن، وەکو سوپا، دەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکان، پۆلیس، پاشاو شاژن و سەرۆکەکان... کە ئەمانە هەم بریار لە هەڵبژاردنەکان دەدەن و هەمیش ڕیگە نادەن هەڵبژاردن ببێتە ڕێگایەک بۆ هیچ ئاڵوگۆرێکی بەرجەستە. خودی هەڵبژاردن نەک رێگایەک بۆ ئاڵوگۆر، بەڵکو وەسیلەی بەرگرتن بە ئاڵوگۆر و پارێزەری پایەکانی ستەم و چەوساندنەوە نابەرابەری چینایەتییە. وەکو دەڵێن، ئەگەر هەڵبژاردن توانای ئاڵوگۆڕی هەبوایە دەمێک بوو، بۆرژوازی قەدەغەی دەکرد. پەرلەمان لە هەرجیگایەکی دنیا ببێتە هەرەشە بۆ سەر دەسەڵات، یان بکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ دەسەڵات و پایەی چینایەتی بۆرژوازی، بەخێرایی تەجمید دەکرێت و دەرگاکەی دادەخرێت یانیش رێگای هەڵبژاردنی پێش وەختەی بۆ دەخەنە روو... هەموو هەڵبژاردن و خولێکی هەڵبژاردنەکان، بۆرژوازی و دەسەڵات بریاری لێدەدەن، هیچ وەخت جەماوەری لەخوارەوە مافی بریاردان لە هەڵبژاردن و هەڵوەشاندنەوەیان نەبووە و نییە، مەگەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بووبێت بەهەرەشە بۆسەر دەسەڵات، ئەو کاتە دەسەڵات بۆ خاوکردنەوەی تورەیی جەماوەری و پاریزگاری لەدەسەڵاتی سەرمایەو سەرمایەداری، دوبارە هەڵبژاردنی نائاسایی یان پیش وەختەی وەکو هەتوان بۆ دەردی دەسەڵات، بەدەستەوە گرتووە.

ئەگەر ئەمە واقعیەتی ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە دنیای دیموکراسی بۆرژوازیدا بێت، ئەوا بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، کە دەسەڵاتیان بە زۆری چەک داسەپاندووە و خاوەنی هیزی چەکداری حزبین، هەڵبژاردن لە بنەرەتدا گاڵتەجارییە و گۆڕانی روکەشیشی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

هەر ئەوەشە وای کردووە خەڵک بڵین بایکۆت بکەین یان دەنگ بدەین هیچ ناگۆڕێت... دیارە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەکات و نەچێت بۆ دەنگدان، ئەوە بوار دەدات بەدەسەڵات کە دەنگەکانیان بۆخۆی ببات. بۆیە لەناو دڵی نارەزایەتی جەماوەریدا بە دژی دەسەڵات و هاوکاتیش بەدژی هەڵبژاردن، دەیانەوێت ئابڕو بۆ هەڵبژاردنەکان بگێرنەوەو هانی خەڵکی دەدەن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. لە کاتێکدا باش دەزانن هەڵبژاردن هیچ لە پێگەی دەسەڵاتی حزبەکانی فەرمانڕەوا ناگۆڕێت، بەڵام بەوێنەی رەوت گەلی بۆرژوازی بەرگری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن، تا جەماوەری ناڕازی لە گرتنە بەری تێپەراندنی بایکۆت و پرانسیپی هەڵبژاردن، دوور بخەنەوەو ڕێگای خستنەرووی ئەلگۆ تر وەکو بەدیلی هەڵبژاردنەکان، بگرن... بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان و گرتنە بەری بایکۆت، شکستهێنان بە هەڵبژاردن، دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ بەشکست کێشانی شەرعیەتی دەسەڵات و ئەو چەکەی بەدەستیەوەیەتی، هاوکات دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ بێدارکردنەوەی دەسەڵات لە نارەزایەتی جەماوەری... بەڵام ئەمە لەعیراق و کوردستاندا کە دەسەڵات نابیستێت و لەڕێگای سندوقەکان و هەڵبژاردنەوە دەستی لەدەسەڵات و داهاتی کۆمەلگە گیر نەکردووە، بەشوێنێک ناگات.

بایکۆت بەوێنەی درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی بەدژی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد سەرەتایەکی بچوکە بۆ هەنگاوی گەورەتر. بایکۆت بەتەنها ناتوانێت هیچ بگۆڕێت، لە بایکۆت واوەتر گرتنە بەری ئەلگۆی تری خەباتە، لەپیش هەمویانەوە شکستدان و داڕوخاندنی بەسەر دەسەڵاتدا، ریسواکردنی کۆبونەوەو میتینگە جەماوەرییەکانیان، هوهاکیشان لە کاندیداکان و تەماشاکردنیان وەکو رەفیق حزبیەکانی سەردەمی بەعس و چلکاوخۆرەکانی، وەریخستنی کۆبونەوەی دژ بە کۆبونەوەی بانگەشەکانی هەڵبژاردن و خستە رووی کارنامەی دەیان ساڵەیان تادەگات بە خستنە رووی بەدیلی هەڵبژاردنی بۆرژوازی...

هەڵبژاردن وەکو ئەلگۆی دەسەڵاتی بۆرژوازی نوینەرایەتی ناراستەوخۆیە کە لە سیستەمی هەڵبژاردنی دیموکراسی پەرلەمانیدا پەیرەو دەکرێت، کاندیداکان بۆ چوار ساڵ، گوایە نوێنەرایەتی دەنگدەران و جەماوەر دەکەن، بێ ئەوەی هیچ رۆڵیک بۆ هاولاتیان و دەنگدەر لە سیستەمی سیاسی و ئیدارییدا بهێڵنەوە... یان بۆ پرسە چارەنووسازەکان بگەڕێنەوە و پرس و رایان وەربگرن، ئەمەش ناوەرۆکی هەڵبژاردن و رۆڵی جەماوەر لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و بریارداندا دەکات بە سفر و ئەمەش بەسە بۆ نیشاندانی ناوەرۆکی واقعی دیموکراسی بۆرژوازی...

چۆن بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەبێ رێکخراوبوون بەشوێنی شیاوی خۆی ناگات، ئاواش بایکۆت و دەنگ نەدان بەبێ خستنەرووی بەدیل بۆ هەڵبژاردنی بۆرژوازی بەشوێنک ناگات و ناتوانێت جێ گۆرکێی دەسەڵات بەدوای خۆیدا بهێنێت.

بایکۆت بکەو هەنگاوی دیاریکراو بۆ ریسواکردنی بگرە بەر، ئەلگۆی دەسەڵاتدارێتی تر وەڕبیخە... ئەگەر بۆرژوازی نەریتی دیموکراسی پەرلەمانی و نوێنەرایەتی ناراستەخۆی هەیە، ئەوا چینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگە، نەریتی شورایی و کۆمۆنەیان هەیە، کە لەجێگای نوێنەرایەتی ناراستەوخۆ، نوینەرایەتی راستەوخۆیە، ئازادانەیە، لە ئاستی محەلیەوە بۆ ئاستی سەراسەییە، چوار ساڵ جارێک نییە، بەڵکو بەردەوامەو لەژێر چاودێریدایەو هەرکاتێک نوێنەرەکان لە ئاستی پیویستدا نەبوون لە کۆبونەوەی گشتی وەهەڵبژاردنی دواترا وەلادەنرێن... هەروەها ئەگەر لە سیستەمی دیموکراسی بۆرژوازییدا بڕیارەکان لە جێگایەک دەردەچن جێ بەجیکردنیان لەشوێنیکی ترە، واتە پەرلەمان یاسا دەردەکات و حکومەت جیبەجێی دەکات... ئەوا لە نەریتی بزوتنەوەی کرێکاریی و شوراییدا، پەسەندکردنی بڕیار و جێ بەجێکردنی یەک سەرچاوەی هەیە، شوراکان هەم یاسادانەر و هەم بەڕێوەبەر و جێبەجیکردنیانی لە ئەستۆیە. بۆ ئەوەی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە لەبەڵاو گرفتی هەڵبژاردنی لەسەرەوە و ناراستەخۆ ڕزگاریان ببێت، حکومەت و پەرلەمان وەکو دوو گرفتی کۆمەڵگەو سەرچاوەیەک بۆ دزی و تالانی، کۆتاییان پی بێت... پیویستە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری بە رۆڵی کارا و رێکخەری کۆمۆنیزمی ریکخراو و دەخالەتگەر، دەست بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەری لە ئاستی محەلی و سەراسەری ببات... ئەمە زامنی دەخالەت و رۆڵ بینینی بەردەوام و ئازادانەی جەماوەری دەکات.

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی چینایەتی و سیستەمی سیاسی و ئابوری نابات و ئامڕازو ئۆرگانە خاوەن بریارەکان لەدەرەوەی بازنەی هەڵبژاردنەکانن، وەکو سوپا، دەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکان، پۆلیس، پاشاو شاژن و سەرۆکەکان... کە ئەمانە هەم بریار لە هەڵبژاردنەکان دەدەن و هەمیش ڕیگە نادەن هەڵبژاردن ببێتە ڕیگایەك بۆ هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستە. خودی هەڵبژاردن نەك رێگایەك بۆ ئاڵوگۆر، بەڵکو وەسیلەی بەرگرتن بە ئاڵوگۆر و پارێزەری پایەکانی ستەم و چەوساندنەوە نابەرابەری چینایەتییە. وەکو دەڵێن، ئەگەر هەڵبژاردن توانای ئاڵوگۆڕی هەبوایە دەمێك بوو، بۆرژوازی قەدەغەی دەکرد. پەرلەمان لە هەرجیگایەکی دنیا ببێتە هەرەشە بۆ سەر دەسەڵات، یان بکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ دەسەڵات و پایەی چینایەتی بۆرژوازی، بەخێرایی تەجمید دەکرێت و دەرگاکەی دادەخرێت یانیش رێگای هەڵبژاردنی پێش وەختەی بۆ دەخەنە روو...**

# دریژەی: واز لە بەڵێن و دروشمی سیاسی پوچ بۆ دوای هەڵبژاردن بهێنن، موچەی مانگی ٩ ی فەرمانبەران دابین بکەن!!

بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانیان سەختر و سفرەی ماڵەکانیان کەم رەونەقتر و خاڵی تر دەبێت. ئەوە ناوەراستی مانگی ١٠ یە موچەی مانگی نۆ دابەش نەکراوە... ئەوە هەموو لە کاتێکدایە کە گرانی بازار بێداد دەکات و کەمترین خزمەتگوازری لە کۆمەڵگەدا نەماوە... خەستەخانە گشتییەکان بەرەو نەمان و خەستەخانەی تایبەتی دەستی ناوەتە گەروی هەر خێزانێک کە کەسێکیان توشی نەخۆشی ببێت. سەرەتای ساڵی تازەی خوێندنەو کەرتی خوێندن و پەروەردە بەرەو وێرانی دەچیت و پیداوستی خوێندن، یەخەگیری خوێندکاران و خێزانەکانیانە. هەروەها هێشتا کیشەی ئاو و کارەبا چارەسەر نەبووە روبەرووی زستان و سەرماین و باسێک لە دابەشکردنی نەوت بە خۆرایی یان بە نرخێکی رەمزی نییەوە. سەیرە خەڵک ئیستا کیشەی هەیەو چەندین داخوازی خێرای هەیە، کەچی دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی کورد، لە جێگای وەڵامدانەوە بەو داخوازییە سەرەتایی و دەست بەجێیانە، بەڵینی گەورە گەورە بۆ داهاتووی نادیاریان دەخە روو... ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە دەیانەوێت لە ڕیگای بانگەشە وبەڵینی دروزنانە، پەنجە مۆری هاوڵاتیان بۆ دوبارە داسەپاندنەوەی دەسەڵاتیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستاندا بسەپێنەوە، و دواتریش خۆیان لە سەرەتاییترین خواست و ویستی هاوڵاتیان بدزنەوە. بێ هیچ ئەمما و ئەگەرێک پیویستە موچەخۆران موچەی مانگانەی خۆیان لە کاتی خۆیدا وەربگرن و چیتر کایە بە ژیان و گوزەرانیان نەکرێت.



لە کاتێکدا سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان لە نەوت و باج و رسومات و...تاد، داهاتی بەغدا دەچیتە خەزێنەی پارتی و یەکێتی کەچی هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەری پرسی موچەی فەرمانبەران لە ئارادا نییە و بۆتە گرفتێکی گەورەی بۆ بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و لە جوڵەخستنی جموجۆڵی بازار...

بەخشینەوەی بێ سنوری بەڵێنی درۆ و فریوکاری بۆ دوای هەڵبژاردن، لە کاتێکدا موچەی فەرمانبەران لە کاتی خۆیدا دابەش ناکرێت و مانگەکان دریژ دەکرێنەوە بۆ ٤٠ رۆژ و پەنجا رۆژ و زیاتر، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە خوی بە درۆ و خۆدزینەوە لەمافی زۆر سادە و رەوای هاوڵاتیان گرتووە، بۆیە پیویستە فەرمانبەران بە بایکۆت و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن و لەوەش زیاتر بە وەرێخستنی کۆبونەوەی نارەزایەتی لەبەردەم دامودەزگا پەیوەندیدارەوکان و دەسەڵات، لەلایەکەوە گاڵتەجاری هەڵبژاردن بەشکست بکێشن و لەلایەکی تریشەوە گوشار بخەنە سەریان تا موچەیان پێ بدرێت.

# دریژەی: خەڵکی کوردستان نابێ ریگە بدەن کەشی ترس و تۆقاندن و نائارامی سایە بکاتە سەر شوێنی کارو ژیانیان....

حزب و لایەنە سیاسیانە، بەرهەمی نەبوونی هیچ بەرنامەو پلاتفۆرمێکە بۆ پرس و کێشە زۆر و زوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. حزبە سیاسیەکانی بەشدار لەم سیستەم و دەسەڵاتە سیاسییە، کە هۆکاری گرانی و نەبوونی و هەژاری و برسێتی و نەبوونی موچە و خزمەگوزارییەکان و مافە فەردی و مەدەنییەکانی هاوڵاتیان و سەرچاوەی پشێوی و دەستێوەردانی دەرەکی و راگرتنی کوردستانن لە دۆخێکی نەخوازراوی بی ئاییندەدا، ناتوانن ببنە فریاد رەس و وەڵامدەرەوەی هیچ خواست و مافێکی هاوڵاتیان. بۆیە لە جێگای پلاتفۆرم و بەرنامەی هەڵبژاردن، خەریکی دروشمی سیاسی پوچ و جنێو بەخشینەوە و سوکایەتی بەیەکتر کردنن، هێندەش تۆماری تاوانکاری تاوانکارانەیان هەیە، کە دەتوانن هەر رۆژە دۆسیەیەکی یەکتری هەڵبدەنەوە و بیخەنە روو.

ئەم جۆرە لە بانگەشەی هەڵبژاردن نیشانی دەدات کە خودی هەڵبژاردن لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵات و حزب و لایەنە سیاسیانەدا، لە جێگای ئەوەی ریگایەک بێت بۆ ئاڵوگۆر و دەروازیەک بێت بۆزاڵ بوون بەسەر گرفتەکان و وەڵام دانەوە بە رێگرییەکان، خۆی کۆسپێکی بەردەم کۆمەڵگەی کوردستان و لەمپەری بەردەم ئاڵوگۆر و ژیانێکی باشترە... لەوەش زیاتر مەترسییە بۆسەر ئارامی کۆمەڵگە.

لە ئێستادا کە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، لایەنەکانی دەسەڵات خەریکی سازکردنی سیناریۆی ساختەن و کەڵک لەهەموو کەنال و توانایەکی تەکنەلۆژی و زانستی وەردەگرن بۆ سوککردنی یەکتری و بیانوو سازکردن بۆ پەڵپ بەیەکتری گرتن و رەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن. ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر کۆمەڵگەو لیخنکردنی... ئەم شێوازە لە مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردن، ئەو راستییە دەخاتە روو کە هیچ هەڵبژاردنێک لە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەشێوەی ئاسایی خۆیدا ناچیتە پیشەوە و ئاکامی هەڵبژاردنیش، رەنگدانەوەی هەڵبژاردن و دەنگی هاوڵاتیان نییە، ساختەکردن، تەزویر بۆکردن، لە پاڵ بەبارمتەگرتنی قوتی خەڵک، ناچارکردنی خەڵک بە دەنگدانی بەزۆر و بە لیستی دیاریکراو، تا دەگاتە پارە بەخشینەوە و کارت کرێن و دەنگ کرین... گۆشە بەگۆشەی ئەو رەفتار و نەریتەیە کە پوچی گاڵتەجاری هەڵبژاردن دەخاتە روو.

خەڵکی کوردستان، پێویستە بە هوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بانگەشەکانی هەڵبژاردن و هەڵمەتی درۆبەخشینەوە و گرژییەکان بکەن و ڕیگە نەدەن، کەشی شار و شارۆچکەکان نائارام و خەڵکەکەی توشی دڵە ڕاوکی بکەن... وەستانەوە بەرووی ئەو هەموو بێ رێزی و سوکایەتی و ناو زراندن و ساختەکاریی و ئامادەکارییەی بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ دواخستن هەڵبژاردن یان بۆ رەتکردنەوەی ئاکامەکانی دەکرێت، کارێکە دەبێ لەچوارچیوەی نارەزایەتی و وەستانەوە بەرووی گاڵتەجاری هەڵبژرادندا، دەستی بۆ ببرێت و گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان بە شکست بکێشێت.

**هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ بێ متمانەیی جەماوەری کوردستان، بەدەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن و کارنامەی نەنگینیان دەگەڕێتەوە، کە رۆژ لەدوای رۆژ خەڵکی بێبەشی کوردستان روبەرووی گرانی، بێکاری، برسێتی، هەژاری بێ خزمەتگوزاری و دەکەن و سەرکوت و هەوسارپچڕاویان بەرامبەر بە دەنگە نارازییەکان زیاد دەکات. ئەم کارنامە شەرماوەرە بۆتە هۆی پچڕانی پەیوەندی جەماوەر بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و هاوکاتیش سەرچاوەی نارەزایەتی جەماوەری، بەڵام ئەمە کافی نییە...**



# هۆشیاری ژنان خەباتە بۆ یەکسانی نەک بەشداری لە هەڵبژاردن!

## نووسینی: شیرین ئەحمەد

لەگەڵ دەسپێکی بانگەشەی سیناریۆی بەناو هەڵبژاردن، هەڵمەتێکی تر دەستی پێکرد بۆ هاندانی ژنان، تا "بێنە مەیدان" و بە دەنگدان بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بە کاندیدە ژنەکان بدەن بۆ پەرلەمان. ئەم هەڵمەتەش بە "هۆشیارکردنەوەی ژنان" ڕاگەیەندراوە.

بەر لە لێکدانەوە، دەکرێت تەماشایەکی ئەزموون بکەین: لە مێژووی ٣٢ ساڵی پەرلەمانی کوردستان، هەمیشە پەرلەمانتاری ژنانی تێدا بووە، لە سەرجەم لایەنەکانی بەشداربووی پەرلەمان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیونەوە. سادەترین پرسیار ئەوەیە، کە ڕۆڵی ئەم پەرلەمانە لە پەیوەند بە پرسی ژنانەوە چی بووە؟ یان ئەم پەرلەمانتارە ژنانە چەندە توانیویانە نەخشیان بێت لە گۆڕانکاری بەرەوپێشچوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بە گشتی و ژنان بەتایبەتی.

ئەوەی دیارە و ئەزموونکراوە، ژیان و گوزەرانی ژنان دژوارتر بۆتەوە. هەروەها پەرلەمان وەک دەزگایەک بۆ زیاتر بێ ماف کردنی ژنان دەبینرێت، لە دارشتنی یاسای فرەژنییەوە تا بە یاساییکردنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان. ڕۆژانە مەلاکان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە بێ ڕێزی بە ژنان دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان، ژنان بەرنەوە کونجی ماڵ. پەرلەمانتارانی ژنان لە کوێ بوون و بۆچی بۆ تەنها جارێک نەهاتنە دەنگ و هەوڵی دانانی سنوورێک بن بۆ ئەم تەحقیرە؟ یان قسەیەکیان نەبووە لە پەیوەند بە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان و کوشتنیان؟ گەر لەم مێژووی سی ساڵەدا پەرلەمان و پەرلەمانتارانی ژنان ڕۆڵێکیان لە بەرژەوەندی ژنان و مافەکانیان هەبووایە، لە کوردستان گۆڕستانی ژنانی بێناونیشان نەدەبوو.

لە ئێستاشدا لە سایەی دەسەڵاتی کوردایەتی و شەراکەتی ئیسلامییەکان، بەردەوام کۆمەڵگەی کوردستان لە بەردەم هەڕەشەی جددی گەڕانەوەی پاشەوپاشە. ئاخۆ ئەم خانمە پەرلەمانتارانە لەکوێن، کاتێک کوردستان لە سایەی ئەحزابی کۆنەپەرستی و دژە ژنانەوە، باندەکانی بازرگانی بە جەستەی ژنانەوە زیادی کردووە و ژنان و منداڵان وەک کاڵا بازرگانیان پێوە دەکرێت؟ بەجیا لەم پرسیارانە، هیچ بابەتێک هەیە لە پەیوەند بە ژنان و مافەکانیانەوە، کە پەرلەمان و پەرلەمانتارانی ژنان بتوانن وەک نمونەیەک نیشانمان بدەن؟

وەڵامەکان بە ڕۆشنی دیارە، کە ڕۆڵی پەرلەمان بەرانبەر بە ژنان زۆر نەرێنی بووە و نەخشی پەرلەمانتارانی ژنانیش بێ دەربەست بووە. کاتێک ئەمە ئەزموونی سی ساڵی ڕابردووە، لە پێناو چی ژنان بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟ چ ئومێدێک لە پەرلەماندا هەیە، کە ژنان هەوڵی گەشتنی بۆ بدەن؟ ژنانی کوردستان چی دەستکەوتێک لە بوونی ژنانی پەرلەمانتار دەچنەوە؟ کاتێک پەرلەمان دەزگایەکە بۆ بێ مافی کردنی ژنان، زۆربوون یان کەم بوونی ڕێژەی ژنان چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت؟ لە هەر گۆشەنیگایەکەوە تەماشا بکەیت، هیچ هۆیەک نادۆزیتەوە هاندەر بێت بۆ بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکان.

هۆشیارکردنەوەی ژنان لە دەنگدان و بەشداری هەڵبژاردنەکاندا نییە، بەڵکو لە بەدەستهێنانی مافی ئازاد و یەکسانییە. گەر بە هەر هۆکارێک لە ئێستادا گەشتن بە ئازادی و یەکسانی سەخت بێت، ئەوا لانی کەم بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن، ژنان دەتوانن خۆیان لەم سیناریۆیە بەدوور بگرن. ژنانی کوردستان بە بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردن دەتوانن نیشانی بدەن، کە بەشێک نین لەو سیستەمەی ژنان بێ ماف دەکات.

بەشداری کردن لە هەڵبژاردن بە مانای بەڵێ وتنە بە دۆخی ئێستا و پەنجەمۆرە بۆ درێژەدانی. بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن، واتە دەربڕینی ناڕەزایەتی و شەریک نەبوون لەگەڵ دۆخی ئێستا، لە هەمان کاتدا بە مانای هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تری خەبات بەمەبەستی ئاڵوگۆڕ لە دۆخی نالەباری ئێستای ژنان و کۆمەڵگەی کوردستان. لە ئێستادا هەنگاوەکان بەرەو گەیشتن بە یەکسانی، خۆجوداکردنەوە لە سیناریۆی هەڵبژاردن لە خۆدەگرێت.



# ئەوەی لەکوردستان هەیە پەرلەمان نییە!

## نووسینی: مستەفا باهیر

من خۆم باوەڕم بە سیستەمی پەڕلەمانی نییە. پێموایە هیچکات کرێکاران و هەژاران لەڕێگای پەڕلەمانەوە ناتوانن دونیایەکی باشتر بۆ خۆیان و کۆمەڵگ بەدەستبێنن، چونکە پەڕلەمان تەنها بۆ پارێزگاریکردنی سەمایەداران کاردەکات و یاساکانیشیان لەبەرژەوەندی ئەوانە. بەرای من پەڕلەمان یەکێکە لە ڕێگرە سەرەکیەکانی بەردەم ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە لەلایەن کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە، هەربۆیە بۆرجوازی برەو بە سیستەمی پەڕلەمانی دەدات. ئەگەر لە هەندێ وڵاتیشدا پەڕلەمان یاسای لەبەرژەوەندی چینی کرێکار دەرکردبێت، ئەوە بەهۆی یەکگرتن و ڕێکخرابونی کرێکارانەوە بووە. هەرچەندە لە وڵاتانی ئەوروپا و بەشێکی زۆری وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکاندا پەرلەمان کەم تا زۆر توانیویەتی چاودێری کارەکانی حکومەت بکات و کەسانی یەکەمی حزبەکان لەناوپەڕلەماندا بەشداریان کردوە و توانیویانە پابەندبن بەو یاسایانەی کە خۆیان دەریدەکەن، هەوڵدەدەن کە حکومەت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات، هەرچەندە هیچکات لە ڕێگای پەڕلەمانەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕونادات کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بێت بەگشتی. بەڵام کریکاران دەتوانن نوینەرانی خۆیان بنێرنە پەڕلەمان بۆ بەرگری کردن لە خۆیان.

بەڵام ئەوەی لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، هیچ پەیوەندی بەو سیستەمەوە نییە کە ناو نراوە پەڕلەمان. ئەوەی لەکوردستان هەیە پەڕلەمان نییە، بەڵکو دەزگایەکی کارتۆنیە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە.

پارتی و یەکێتی پەرلەمانیان بۆ ئەوە دروست کردوە کە بە جیهان بڵێن ئێمە لە ڕێگای دەنگدانەوە و بە شێوەیەکی دیموکراتی دەسەڵاتمان گرتوە. چونکە خۆشیان باشدەزانن، ئەوەی دروستیان کردوە پەڕلەمان نییە، بەڵکو دیوەخانێکە و کۆمەڵێک موریدی حزبەکانی تێدایە و مۆر لە سیاسەتەکانی ئەوان دەدەن. چونکە ئەگەر سەرانی یەکێتی و پارتی پەڕلەمانیان بۆ گرنگ بوایە بێگومان بێجگە لەوەی کە کەسانی یەکەمی حزبەکان تیایدا بەشدار دەبوو، ئەوکاتە لەبەر کەسە نزیکەکانی خێزانی بەرزانی و تالەبانی بەر موریدە لاکەوتەکانی دەرجە سێیی حزبەکان نەدەکەوت.

پەڕلەمانتارەکانیش خۆشیان باش دەزانن کە پەڕلەمان هیچ دەسەڵات و گرنگیەکەی نییە لای حزبەکانیان، بۆیە ئەوانیش پەڕلەمان وەک چاخانەیەک سەیردەکەن، بێجگە لەوەی کاتی بەتاڵی خۆیانی تیابەسەردەبەن، پارەیەکی باشیشیان لێ دەست دەکەوێت. هەربۆیە بەشێوەیەکی یاسایی کەوتونەتە دزینی سەروەتی خەڵکی هەژاری کوردستان، ئەویش بەیاساییکردنی موچەیەکی خەیاڵی بۆ خۆیان، کە موچەکەیان ٢٠ قاتو ٣٠ قاتی مووچەی ئەو مامۆستایەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانی فێری نوسین و خوێندن کردوە. یاخود موچەکانیان ٤٠ قاتو ٥٠ قاتی کرێکارێکی ژینگەپارێزە کە ئەگەر ئەوان نەبن ژیان لە خەڵک هەراسان دەبێت.

پەڕلەمانتاران و دەسەڵاتدارانی حزبەکان باش دەزانن کە ئەم جیاوازی موچەیە بەو شێوەیە لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا وجودی نییە. جا بۆیە ئەگەر پەرلەمانتارێک ئەوە بەهەقی خۆی بزانێت کە خۆی مانگانە بەیاسایی موچەیەکی خەیاڵی وەرگرێت و چەندەهای تریش بەدزی و چەپڵەلێدان بۆ دزە گەورەکان وەرگرێت، بێگومان نەک هیچکات لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری کوردستان نایەتەدەنگ، بەڵکو ئەویش کەسێکە لە دزەگەورەکان و ئەگەر لەوان تاوانبارتر نەبێت وەک ئەوان تاوانبارە.

پەرلەمانتارانی کوردستان خۆیان ئەو یاسایانەی دەریدەکەن باوەڕیان پێی نییە و یەکەمین کەسانێکن کە یاساکە پێشێل دەکەن. بە گوێرەی یاسای هەمووارکراوی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ ی پەرلەمانی کوردستان هیچ پیاوێک بۆی نییە زیاتر لە ژنێک بهێنێت مەگەر ئەوەی کە ژنی یەکەم نەخۆش یان نەزۆک بێت و پیاو توانای دارایی هەبێت و بەڵێنی دادپەروەری بدات لە نێوانیان و لە سەروی هەموشیەوە دەبێت ژنی یەکەمی رازی بێت، بۆیە ئەگەر ئەو هۆکارانەش هەبێت و ژنی یەکەم رازی نەبێت ئەوا هێشتا پیاو ناتوانێت ژنی دووەم بهێنێت. بەڵام سەرۆکی یەکێک لە حزبەکانی بەشداربوو لەپەڕلەمان و ٧ ئەندام پەڕلەمانی خولی پێنجەم ژنی دووەم و سێهەم و چوارهەمیان هیناوە. خۆیان یاساکەی خۆیانیان پێشێلکردوە.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا حزبەکان بۆ ئەوەی بەربژێرە گوێ لەمستەکانی خۆیان بنێرنە پەرلەمان ، کۆمەڵێک بەڵێنی درۆ دەدەن بە خەڵکی کوردستان. هەربۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کریکاران و زەحمەتکێشانی فریوی درۆی حزبەکان و بەربژێرەکانیان نەخۆن.

چونکە ئەمانە ئەو کەسانەن کە خاوەنی هیچ بەڵێنێکی خۆیان نین، هەمو دەبینین کابینە لەدوای کابینە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو هەژاری کوردستان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات. بۆیە نابێت هیچ چاوەڕوانیەکیان لەپەڕلەمان هەبێت. لەڕێگای پەڕلەمانە هیچ ئاڵوگۆڕێک ناکرێت و کرێکاران و هەژاران لێی سودمەند نابن، تەنهاسودمەندی سەرەکی ئەو ئەندام پەڕلەمانە دەبن کە دەچنە پەڕلەمان و دەبن بە دەهۆڵکوتی حزبەکانیان. هەربۆیە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە مەکەن و هەوڵبدەن بۆ ڕزگاری یەکجاری ئەویش بەهۆی یەکگرتن و کۆبونەوەمانە لەدەوری یەکتر و هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی هەمو ئەو سیستەمەی کەئەمرۆ لە عێراق و کوردستان کاری پێدەکرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات.
هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## هەڵبژاردنەکانی کوردستان و کاریگەری لەسەر منالان و کۆمەڵگە...

## هاوڕێ سالار سۆفی مامۆستای زانکۆ و وەرگێڕ وەڵامی پرسیاری ڕۆژی داوەتەوە



**پرسی ڕۆژ: ماوەی مانگێک لەکەمپینی بانگەشە بۆهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بەشێوازی جۆراوجۆری ڕاگەیاندن وبۆنەکۆمەڵایەتی وتایبەتەکانی کۆمەڵگەکە، کەش وهەوای هەڵبژاردنی بەسەردا فەرزدەکرێت. لە ڕێگەی هەمووجۆرەکانی ڕاگەیاندنی (بینراو، بیستراو و...تاد) خۆی دەئاخنێتە ناوتاکی کۆمەلگە، لەونێوەشدا منداڵانیش دەکەونە ژێرکاریگەری ئەو کەمپینەوە.**

**هەڵبژاردنەدا هەندێک شێوازی لەم ناتەندروست و نامۆ بەپێشبڕکێ وبەرامبەرکێی سیاسی لەسەرکردە حزبەکان بەتایبەت وبەربژێرەکانیانەوە دەبیندرێت لەکاتی بانگەشەکردندا!.**

**ئەوکاریگەریانە چین بەڕای ئێوە بەسەر منداڵانەوە؟ هەروەها چۆن دەکرێت منداڵانی لێ پارێزراو بکرێت؟ نووسەر بەڕێز (سالار سۆفی) وهونەرمەند و وەرگێڕ ومامۆستای زانکۆ لەفلاند بەشداری کرد لەوەڵام دانەوەی ئەم پرسەدا.**

سالار سۆفی: بەداخەوە بانگەشەی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەکێکە لە مەترسیدارترین بانگەشکانی هەڵبژاردن بە درێژایی مێژووی پەرلەمانی کوردستان، لە کۆمەڵێک ئاست و ڕوانگەوە. لێرەدا تەنها تیشک دەخەینە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی، لەسەر منداڵان.

کەشی زاڵ بەسەر بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەڕاست بێت یان سیناریۆ، تۆمەتبارکردن و سووککردن و جنێودان و هەڕەشەکردن و نمایشی پاڵەوانانەی بێناوەڕۆکە. ئەوەی دەیبینین لەجیاتی بەرنامەی تێروتەسەلی گۆڕانکاری و چارەسەری بەکردەوە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە، خستنەڕووی چارەسەری سڕینەوەی کەسایەتیی یەکترە. چارەسەرەکان؛ ناووناتۆرە و سووککردنی کەسایەتیەکانی لایەنەکانی ترە. چارەسەری پێشنیارکراو بۆ کێشەکان و تەنانەت کێشەی نێوان کەسایەتییەکان، تێهەڵدان وکردنەدەرەوەی فیزیکیی هەموو ڕکەبەرەکانە.

بمانەوێت یان نا، پەیڤ و کردەوەی ئەو کەسایەتییانەی وەک سەرکردەی حزبەکان دەدوێن و ڕەفتار دەکەن، کاریگەرییان زیاترە لە هەر کەسایەتییەکی تر بۆ سەر لایەنگرانی ئەو حزبانە و زۆرینەی خێزانەکانیان و بەداخەوە لەنێویاندا، منداڵانیش.

منداڵان بەشێکن لە بینەران و بیسەرانی ڕووداوەکانی سەر شانۆی ئەم بانگەشە ناتەندروستانە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و درێژخان لەسەر ڕوانگە و ڕەفتاریان بەجێ دەمێنێت. منداڵ لەم بانگەشانەوە فێر دەکرێت کە باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی، باشترین ڕێگا بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکان، سووککردن و ناتۆرەلێدانی بەرانبەرە، سڕینەوەی کەسایەتیی بەرانبەرە. منداڵ فێر دەبێت، ئەگەر لەلایەن هەر کەسێکەوە، ئاستەنگێک هاتە پێشی، بە شەقلێدان و دەرکردن و سڕینەوەی کەسەکە چارەسەری بکات. لە ئەنجامی ئەم جۆرە بانگەشەیەوە، وا چاوەڕوان دەکرێت کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و گوێنەگرتن لە یەکتر و توندوتیژی، لە نێو منداڵاندا، لە داهاتوودا ڕوو لە زیادبوون بکات و پەروەردە لەوەی ئێستا وێرانتر ببێت.

ئەم جۆرە بانگەشانە لە ڕووی زانستی دەروونناسییەوە، وەک بەشێک و جۆرێک لە توندوتیژی پێناسە دەکرێن کە ئەویش توندوتیژیی دەروونییە. توندوتیژی دەروونی باوترین جۆری توندوتیژییە و دەتوانێت زارەکی بێت یان نازارەکی. جۆرەکانی توندوتیژیی دەروونی کە لەم بانگەشەیەدا بەکار هاتوون بۆ نموونە؛ قیژەقیژ، جنێودان، سووکایەتیکردن، زەلیلکردن، هاوارکردن، گاڵتەپێکردن، تاوانبارکردن، فشارکردن، ترساندن و هەڕەشەکردنن.

بەداخەوە ئەزموونکردنی توندوتیژی ڕووداوێکی هێندە مەترسیدارە کە کاریگەری نەرێنیی هەمیشەیی لەسەر گەشەکردنی منداڵەکە و بەتایبەتی مێشکی منداڵەکە دروست دەکات.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، سیستەمی یادەوەری ئەو منداڵانەی کە تووشی توندوتیژی بوون بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەبێت. هەروەها توندوتیژی کاریگەری لەسەر چۆنیەتی فێربوونی مێشک دەبێت لە ڕووی وەرگرتنی زانیارییەوە. دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی تووشی توندوتیژی بوون، ئاستی زیرەکییان لاوازتر دەبێت و لە ڕووی هەست و سۆزیشەوە، لە ناخدا لە جیهانێکی ترسناکدا دەژین.

کێشەی کاریگەریی توندوتیژی لەسەر منداڵان بەمەندە ناوەستێت، بەڵکو ئەم توندوتیژییە دەروونییانە، ڕێخۆشکەر دەبن بۆ ڕەفتاری توندوتیژانە، تەنانەت لەلایەن قوربانییەکانیشەوە.

لەلای منداڵ سەخت دەبێت کە بە شێوەیەکی ئارام و ئاشتیخوازانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا کارلێک بکات و بێگومان ئەم سەختییانە لە قوتابخانەشدا ڕەنگ دەدەنەوە. دەرکەوتووە کە منداڵانی تەمەنی قوتابخانە کە ئەزموونی توندوتیژییان هەبووە، جگە لە کێشەی فێربوون، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کێشەی گەورەیان هەیە و تەنانەت لە یاریکردن لەگەڵ منداڵانیشدا ڕێز لە منداڵانی تر و ڕێساکانی یارییەکان ناگرن.

دوور نییە منداڵەکە لەناکاو هێرش بکاتە سەر کەسێکی تر لە قوتابخانە، تەنها لەبەر ئەوەی پێی وایە هەڕەشەیەکی لە نیگای کەسەکەدا بینیوە.

ڕەنگە ئەم ڕەفتارانەی منداڵ لە قوتابخانەدا، منداڵەکە بخاتە دۆخێکی ناڕەزایەتییەوە لەبەردەم منداڵانی تر و مامۆستاکانیدا، بەمەش منداڵەکە هێندەی تر تووشی فشار دەبێتەوە لەلایەن منداڵانی تر و مامۆستایانیشەوە، کە دەبێتە هۆی هەڵاواردنی زیاتر، کە دیسان زیانی زیاتر بە منداڵەکە دەگەیەنێت.

بەداخەوە جگە لەوەی کە منداڵان دەکەونە بەر کاریگەرییەکانی توندوتیژییەوە، هیچ ئامرازێکی پێویستیشیان ناخرێتە بەر دەست بۆ چارەسەرکردن.

ئەگەرچی جێبەجێکردنی ئەم چارەسەرە مەحاڵە، بەڵام باشترین چارەسەر ئەوەیە کە لایەنەکان و سەرکردەکانیان وەک کەسانی پێگەیشتوو و بەرپرس ڕەفتار بکەن و بەرنامەی خۆیان بخەنە ڕوو، نەک بە پەیڤ و ڕەفتاری پڕ لە توندوتیژی خۆیان بکەن بە فریشتە و بەرانبەر بە شەیتان. لەڕاستیشدا هیچیان فریشتە نین و سەرجەمیان لە کاتی جیاواز و بە شێوازی جۆراو جۆر، بەشداربوونە لەم دۆخە ناهەموارەی کە کۆمەڵگەی کوردستانی پێیدا تێپەڕ دەبێت.

لە لەلایەکی ترەوە دەبووایە دەزگاکانی دەوڵەت، پلانیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کاریگەریی ئەو توندوتیژیانەی کە منداڵان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دەزگایانەش خۆیان بوونە بە بەشێک لەم بانگەشە ناتەندروستە حزبییە.

لەم دۆخەدا کە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەلایەن زۆرینەی بەرپرسانی لایەنەکانەوە لەوپەڕی نزمیدایە، زۆر گرنگە کە دایک و باوکان، ئەوەندەی دەتوانن نەهێڵن منداڵەکانیان بانگەشەکانی هەڵبژاردن ببینن یان گوێیان لێ بگرن. لە ڕاستیدا باشترە خۆیشیان، دژایەتییان بۆ ئەم جۆرە بانگەشانە بە حزبە دڵخوازەکانیان ڕابگەیەنن و خۆیان بەدوور بگرن لە بینین و بیستنیشیان.

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێت، مەرج نییە توندوتیژی هەر ئەوە بێت کە ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە منداڵەکە دەکرێت. تەنانەت هەندێ لە کارناسان دەڵێن؛ ئەگەر منداڵ هەر جۆرە توندوتیژییەک ببینێت، وەک ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ مشتەکۆڵەیەک بکێشرێت بە دەموچاوی منداڵەکەدا. بۆیە زۆر پێویستە منداڵەکانمان لەو مشتەکۆڵانە بپارێزین کە ڕۆژانە لەم بانگەشەیە و بانگەشەکانی تری هەڵبژاردنەوە بەریان دەکەوێت.

پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە رێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

# پرسی رۆژ

## هەڵبژاردنەکانی کوردستان و کاریگەری میدیا لە هەڵبژاردنەکان و لەسەر کۆمەڵگە... هاوڕێ شوان سدیق رۆژنامەنووس وەڵامی پرسیاری رۆژی داوەتەوە



پرسی رۆژ لەگەڵ رۆژنامەوان (شوان سدیق)، دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، رۆڵی میدیا لە بانگەشەی هەڵبژاردن و چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان، لەو گۆڕانکاریانەی کە چاوەڕێ دەکرێ رووبدەن.

**"لە کوردستان، دەسەڵات لەهێزی چەکدارەوەیە، نەک دامەزراوەی سیاسی و یاسایی"**

**"سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر بەربژێرەکان هەیە"**

**"پارتی و یەکێتی، نابنە ئۆپۆزسیۆن، رێکەوتنی ناچاری دەکەن"**

**پرسی رۆژ: بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئاستی میدیا چۆنە؟**

**شوان سدیق:** بانگەشەی ئێستە لەرووی میدیاوە، بەراورد بەساڵانی رابردوو گۆڕاوە. ئەمڕۆ سۆشیال میدیا بووەتە سەکۆیەک لایەن و بەربژێرەکان بە باشی دەتوانن پەیامی خۆیان لەسەر ئاستی تاک و لیست بگەیەنن. دیارە سۆشیال میدیا کاریگەری زۆری لەسەر گەیاندنی پەیامی بەربژێرەکان هەیە، دەتوانین لەرێگەی سۆشیال میدیاوە بەبێ ویستی ئێمە بەربژێرەکان داوای دەنگ لە هاوڵاتیان بکەن، باسی پرۆژەو؟ کاری خۆیان بۆ داهاتوو دەکەن. هەر بەرێگەی سوشیال میدیاش هاوڵاتی دەتوانی بەڵێن یان بەربژێرەکان رەتبکاتەوە، بەربژێرەکانیش بەرێگەی سۆشیال میدیا پەیامی گەشبینی یاخوود دڵتەنگیان پێدەگات تاچەند هاوڵاتی لەگەیاندن و پشتیوانیان دەکەن.

**پرسی رۆژ: لەرووی راگەیاندنەوە، هەموو جۆرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن چۆن هەڵدەسەنگێنی راگەیاندنی حزبی وسێبەر وسەربەخۆ؟**

**شوان سدیق:** لە هەرێمی کوردستان، مێدیای سەربەخۆ نییە، ئەوەی هەیە مێدیای فەرمی حزب، و سێبەرە. دیارە مێدیای حزب ئاراستەی کارکردنیان دیارە، و بەرپرسیاریەتی زیاتر هەڵدەگرن. مێدیای سێبەر ئەرکی زۆریان پێدەسپێرن دەیانەوێ وەها دەربکەون بێلایەنن و تەرەفگیرنین. بەڵام لەلایەکی دیکە زۆر خراپ لایەنگر و تەرەفگیر دەردەکەون. ئەم جۆرە مێدیایانە کاریگەریان زیاترە لەنێو کۆمەڵگە، و دەتوانن شەقام بجووڵێنن. مێدیای سێبەر لەم کاتی بانگەیەشەدا تاڕادەیەک هەوڵیانداوە، بەربژێرەکان لە کەسی جیاواز و لیستی جیاواز لە خۆیان کۆبکەنەوە. ئەوە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتەکەیە لەدۆخی ئێستە پڕیەتی لە قەیران، مێدیاکەشی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە، بەتایبەتی مێدیای سێبەر، چونکە مێدیای سێبەر رۆڵی زیاتر دەبینێ و لەسەر ئاستی سیاسیش حزبەکان رەواجی پێدەدەن.

**پرسی رۆژ: ئایا راگەیاندن رۆڵی پسپۆری خۆی بینیوە لە گەیاندنی پەیامی پرۆسەی هەڵبژاردن؟**

**شوان سدیق:** ئەمڕۆ مێدیا لە کوردستان، لەڕووی جۆرو چۆنایەتی زۆر گۆڕانی بەسەرهاتووە، گۆڕانێکی نوێ و کوالێتیێکی باش و کەسانی پسپۆڕ کاری تێدا دەکەن، بەڵام وەکو گەیاندنی پەیام و چۆنێتی کارکردن، نەگۆڕاوەو ناگۆڕێ، دواجار کاری مێدیاکان رەنگدانەوەی سیاسەتی کۆمەڵگەو ژیانی خەڵکە. راگەیاندن نایەت رێگایەکی باشترو جیاوازتر لە پەیامی حزبەکان پێشانی کۆمەڵگە بدات، چونکە راگەیاندنەکان هەمووی هی حزبە. راگەیاندن کاتێ جیاواز دەردەکەوێ و پەیامێکی پەروەردەی تەندروستی پێ بکات، دەبێ ئەو راگەیاندنە نیشتمانی بێ، بەڵام راگەیاندنی ئێمە نیشتمانی نین، راگەیاندنی حزبن و ڕاوی بینەروبیسەر دەکەن!

**پرسی رۆژ: بەبۆچوونی تۆ هیچ گۆڕانکاریەک ڕوودەدات لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان.**

**شوان سدیق:** هەردوو حزبی باڵادەست هەموو جارێ، ٥١ کورسیان هێنابێ، پێکەوە دەبن، گرنگن نییە ١٦ بەرامبەر ٣٥ کورسیش بێ. هەردوو هێز کەسیان نایانەوێ لەدەرەوەی دەسەڵات بن، چونکە ئەوان هێزیان هەیەو هەرێمیش دەسەڵاتی لەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە! نەک لەدامەزراوەی سیاسی و یاسایی. سەیری یەکێتی لەسێ قۆناغی جیاواز هەر دەسەڵات و دەسەڵاتی هەبووە، ئەو سیناریۆیانەش بەسەر پارتی دووبارە ببنەوە هەمان شتن!

پێموایە گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ ڕوونادات، قەیرانە سیاسیەکان درێژەیان دەبێ، هیچ لەژیانی سیاسی و ئیداری هەرێم ناگۆڕێ، هەلومەرجی ناوچەکە وادەخوازێ هەرێم، بەدوو زۆنی ڕۆژئاواو ئێران بمێنێتەوە، واتە هەر دوو ئیدارەیی بێ، سێکتەری ئابووریش بەشی زۆری دەکەوێتە دەست عێراق، بەڵام جێگیر نابێت.

## نامەیەکی (لینین) رۆژێک بەر لەشۆرشی ئۆکتۆبەر

## بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

### وەرگێرانی: سالار رەشید

هاورێیان!

من ئەم چەند دێرە لە پاشنیوەرۆی بیست و چوارەمین ئەنووسمەوە، هەلومەرجەکە لەرادەبەدەر قەیراناوییە. وەک رۆژ روناکە، کە ئێستا ئیتر بەراستی، دواکەوتن لەراپەرین یەکسانە بەمەرگ.

بە جورئەتێکی تەواوەوە، هاورێیان دڵنیا ئەکەم، کە ئێستا ئیتر هەموو شتێک بە تاڵە موویەکەوە بەندەو بابەتگەلێک لەدەستوری رۆژدایە، کە نە بە راوێژکردن ئەکرێت وەڵامی پێ بدرێتەوە، نە بەکۆنگرەکان( تەنانەت ئەگەر کۆنگرەی شوراکانیش بێت)، بەڵکو وەڵامی ئەوانە لە عەهدو پەیمانی خەڵک، جەماوەر و خەباتی جەماوەری چەکداردایە.

گوشاری بۆرژوازی کۆرنیلۆفییەکان(١) و خستنەلاوەی ورخوسکی ئەوە دەردەخات کە، ناتوانێت لەچاوەروانیدا بێت. پێویستە بەهەر نرخێک بێت ئەمرۆ پاشنیوەرۆ یان شەو، لەدوای چەککردنی یونکەرەکان(٢) ( و لەحاڵەتی بەرگری، زاڵبون بەسەریاندا) و چەکدارانی دیکە، ئەندامانی دەوڵەت دەستگیر بکرێن.

ناکرێت لەچاوەروانیدا بیت! رەنگە هەموو شتێک لەدەست بچێت!

بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یەکسانە بە: بەرگری لە خەڵک (نەک لە کۆنگرە، بەڵکو لە خەڵک، لەسوپاو بەپلەی یەکەم لە جوتیاران) لە هەمبەر دەوڵەتی کۆرنیلفی، کە ورخوسکی دەکرد و دووەمین پیلانی ئامادەیە.

چ کەسێک ئەبێ دەسەڵات بەدەست بهێنێ؟

ئەم مەسەلەیە بۆئێستا گرنگ نییە، با کۆمیتەی شۆرشگێر جەنگ(٣) یان (دامەزراوەیەکی تر) دەسەڵات بەدەستبهێنێ و رایبگەیەنێت کە، دەسەڵات رادەستی نوێنەرانی راستەقینەی بەرژەوەندیەکانی خەڵک، بەرژەوەندیەکانی سوپا (پێشنیاری دەستبەجێی ئاشتی) بەرژەوەندیەکانی جوتیاران (ئەبێ یەکسەر دەست بەسەر زەوی و زارەکاندا بگیرێن و خاوەندارێتی تایبەتی هەڵوەشێنرێتەوە) و بەرژەوەندیەکانی برسیەکان، ئەکرێت.

ئەبێ سەرجەم بەشەکان، سەرجەم تیپەکان و سەرجەم هێزەکان، دەستبەجێ سازو ئامادەبن. بەپەلە نوێنەرانی خۆیان خۆیان بۆ کۆمیتەی شۆرشگێری جەنگ و کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفیەکان رەوانە بکەن، پێدابگرن و داوابکەن کە بەهیچ جۆرێک هەتا رۆژی بیست و پێنجی مانگ، دەسەڵات لەژێر دەستی کیرنسکی(٤) و هاوکارانی نەمێنێتەوە، بەهیچ جۆرێک، ئەم مەسەلەیە ئەبێ هەر ئەمرۆ پاشنیوەرۆ یان شەو هەنگاوی عەمەلی بۆ دابنرێت.

مێژوو، لەشۆرشگێرانێک کە ئەتوانن ئەمرۆ سەرکەوتن بەدەست بهێنن (و بەدڵنیاییەوە ئەمرۆ سەردەکەون) بەڵام ئەگەر کارەکەیان بۆ بەیانی هەڵگرت، ترسی ئەوە هەیە کە، زۆر شت لەدەست بدەن، ترسی ئەوە هەیە هەموو شتێک لەدەست بدەن، لەبەرامبەر دواخستنێک کە بەدروستیان زانیوە، خۆشنابێت.

ئێمە کە ئەمرۆ دەسەڵات بەدەست نەهێنین، نەک لەدژی شوراکان، بەڵکو بۆ شوراکانە.

گرتنە دەستی دەسەڵات کاری راپەرینە، ئامانجە سیاسیەکەی لەدوای گرتنەدەست دەسەڵات، دەرکەوێ.

چاوەرێکردنی راگیری راڕاکان لە دانیشتنی ٢٥ ئۆکتۆبەر، یانی لەناوچوون بەهۆی فۆرمالیتەوە(٥). خەڵکی ئەو مافەیان هەیە و ئەرکی سەرشانیانە کەمەسەلەی لەم جۆرە نەک لەرێگەی راگیری بەڵکو لەرێگەی زەبرو زۆرەوە چارەسەر بکەن. خەڵکی ئەو مافەیان هەیە و ئەرکی سەرشانیانە کە لەساتە وەختەکانی قەیرانی شۆرش، نوێنەرانی خۆیان و تەنانەت باشترین نوێنەرانی خۆیان رێنوێنی بکەن و لەچاوەروانی ئەواندا، دانەنیشن.

مێژووی سەرجەم شۆرشەکان ئەو راستیەیان سەلماندووە، کە هەرکاتێک کەسانی شۆرشگێر بزانن کە رزگاربوونی شۆرش، پێشنیاری ئاشتی، رزگاربوونی پێترۆگراد، رزگاربوون لە قات و قری و دانی زەوی بەجوتیاران- لەسەر ئەوان راوەستاوەو ساتێک لەکیس ئەدەن، ئەوا تاوانی ئەوکەسانە، تاوانێکی گەورەو لەرادەبەدەرە.

دەوڵەت لەحاڵی لەرزین و لەرینەوەدایە. ئەبێ بەهەر نرخێک بووە، کاری بەکۆتا بگەیەنرێت!

**دواکەوتن لە هەنگاونان، یەکسانە بەمەرگ.**

مێژووی نووسین ٢٤ ئۆکتۆبەری(٦ نۆڤەمبەر) ١٩١٧

بۆیەکەمین جار، لەساڵی ١٩٢٤ چاپ کراوە.

بۆ لاپەڕە 13

# هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسێتی لەعێراق

**لەدوای رووخانی رژێمی بەعس وهاتنە سەركاری دەسەڵاتی قەومی تایەفی ودینی لەعێراق، چەند جارێك هەوڵدراوە یاسای باری كەسێتی ژمارە ١٨٨ وبەتایبەت برگەكانی تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری كچان وتەڵاق ومیرات ونەفەقە هەموار بكرێتەوە. جارێك بەناوی جێگرتنەوەی شەریعە بۆئەو یاسایە وجارێكی تر بەناوی یاسای جەعفەری لە ٢٠٠٣ەوە حزبە ئیسلامیەكان وبەتایبەت باڵی شیعە دەستپێشخەریانكرددوە. ئەوا جارێكی دیكە لەهەوڵێكی دیكەدا بۆبنیاتنانی دەوڵەتی شیعی لەرێگەی گۆڕین وهەمواركردنەوەی یاسای باری كەسێتی لەعێراق هەنگاوی یەكەمیان ئەوەبوو لە ٥ی ئابی ئەم ساڵدا هەمواركردنەوەكە لەلایەن پەرلەمانتار رائد المالكی(چوارچێوەی هاوئاهەنگی)یەوە پێشنیاركرا وخوێندنەوەی یەكەمی بۆكرا.**

**بەپێی پسپۆریەكەتان لە كارو ژیانی خۆتان، ئەم هەمواركردنەوەیە چ كاریگەریەكی ئەبێت بەسەر كۆمەڵگە بەگشتی و بەسەر تاكی كۆمەڵگە بەتایبەت و بۆ نەوەی داهاتوو**



**تاژان فەرەج:** كۆمەڵناس تاژان ساڵح

پرۆژەیاسای پێشنیاركراو لە چەند ڕووەوە كاریگەری زۆر نەرێنی دەبێت لەسەر ئەندامانی كۆمەڵگە و ژنان و كچان بە تایبەتی، گەر ببێتە یاسای فەرمی. گەر ئەم یاسایە بچەسپێت، ئەوا زۆر بابەت، كە لە جیهانی شارستانیدا بە تاوان هەژمار دەكرێن، لە عێراق بە یاسایی دەكرێن. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لایەن و بەشە جیاوازەكانی دەكەم :

یاسا هەل دەرەخسێنیت، كە منداڵانێك لە جیهانی منداڵی دووربخرێنەوە و ئەركی گەورەساڵان و ماڵداریان بەسەردا بسەپێت. هاوسەرگیری منداڵان، بەجیا لە مەترسی تەندروستی، هاوكات منداڵ لە خوێندن، ئازادی گەشەكردن و سەربەخۆبوون دادەبڕێت. لە بری فێربوون و پەروەردەیەكی دروست، منداڵ لەگەڵ ژیانێكی نامۆ و سەخت و دژوار ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ناتوانێت لێی دەرباز بێت.

لە ڕوانگەی ژنانیشەوە ئەم یاسایە هەڵگەڕانەوەیەكی پاشەوپاشی فراوانە لە پێگەی كۆمەڵایەتیان. لە بری ئەوەی مافەكانی ژنان بەردەوام بەرەو فەراهەمكردنی زیاتر بچن، پرۆژەیاسای پێشنیاركراوی ماددەی ١٨٨ جێگەوڕێگەی ژنان لە كۆمەڵگەی عێراق زۆر لاوازتر دەكات. دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێت، كە ژنان ڕووبەڕووبن لەگەڵ توندوتیژی و ستەم و بێمافی و یاساش ژنان ناچار دەكات قبوڵی بكەن. دەوڵەتیش ئەو دەزگایە نابێت، كە ژنان پەنای بۆ بەرن. پیاوسالاری زیاتر بەسەر كۆمەڵگە باڵ دەكێشێت و مەدەنیەتی كۆمەڵگە لە درێژماوەدا دەباتە پەراوێزەوە.

لەسەر ئاستی تاكەكانی كۆمەڵگە كاریگەرییەكانی ئەم پرۆژە یاسایە بە هەمان شێوە زۆرن. ناچاركردنی منداڵان بە هاوسەرگیری هاوتایە لەگەڵ لێسەندنەوەی بڕیاردان لە ژیانی تایبەتی خۆ. ئەمە پەیام دەداتە تاكەكانی كۆمەڵگە، كە هەمووان لە بەرانبەر یاسادا یەكسان نین. پێیان دەڵێت، كە دەستدرێژی و بێمافی ئاساییە و دەكرێت بە یاساش پەسەند بكرێت. یاسا تاكەكانی كۆمەڵگە ڕادێنیت لەسەر ئەوەی، كە دەكرێت ژنان و منداڵان ئازار بدرێن و لەسەرو خواستی خۆیانەوە بڕیار لەسەر ژیان و چارەنووسیان بدرێت.

مەترسییەكانی تەندروستی دەروونی لەسەر ئەو منداڵانە بۆ درێژماوە برینی قووڵ دادەنێت، و كاریگەری لەسەر كەسانی تریش دەبێت. بەر لە هەمووان منداڵانی ئەو كچانەی لە منداڵیدا هاوسەرگیریان پێكراوە. تەنانەت كاریگەری دەبێت لەسەر دروستكردنی چینی جیاواز لەسەر بنەمای ڕەگەز. گەر كچان لە منداڵییەوە هاوسەرگیریان پێبكرێت و بە گەورەییش بێماف بكرێن و تەواوی دەسەڵات لە دەستی پیاواندا بێت. ڕاستەوخۆ ژنان بێبەش دەكات لە بڕیاری ئابووری، و دەبنە بەشی هەژارەكانی كۆمەڵگە. بە یاساكردنی ئەم دیاردانە، مەترسی هەیە، كە لە درێژماوەدا تەنانەت ژنان خۆشیان بكاتە بەرگریكار لە ستەم و بێمافی و وەك بابەتێكی ئاسایی تەماشای بكەن.

ڕۆشنە هەموو ئەمانە دەكرێت جیلێكی نوێ بەرهەم بهێنێت، كە مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤ بەلایەوە نامۆ بێت و تەنانەت وەك هەڕەشە تەماشای بكات. مەترسی زۆرە هەڵاواردن و توندوتیژی لە نێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا ببنە بابەتێكی ئاسایی و تەنانەت بە دروست تەماشا بكرێن.

بۆیە ئەم پرۆژەیاسایە پێویستی بە بەرپەرچدانەوە هەیە، و نابێت پەسەند بكرێت. یاسای باری كەسێتی دەبێت بگۆردرێت، بەڵام بە پێشكەوتووتر و فەراهەمكردنی زیاتری ئازادی و مافی یەكسانی!

## كەمپەینی بۆپێشەوە

## كەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری كەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراق

## ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی بەرگریكار لە مافەكانی ژنان، سەبارەت بە هەمواری یاسای باری كەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...

ئەمیرە موحسین: ئەندامی دەستەی باڵای سەنتەری مناڵان، و ئەندامی تۆڕێ هاوكاری كۆمەڵایەتی/



پیشە كارمەندی تەندروستی سوپاستان ئەكەم بۆ ئەم دەرفەتە...

سڵاوتان لێ بێ هەمواركردنەوە باری كەسێتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩، هەموار كردنەوە نییە؛ بەڵكو هەنگاوێكە بۆ بەرەودوا بردنی كۆمەڵگەو غەرق كردنیەیتی لە كۆنەپەرسترین و نا ئینسانیترین یاسا. من هەمیشە خەباتی مەدەنی بەڕێگای ڕاست و دروست دەزانم بۆ دیفاعكردن و داكۆكیكردن لەهەر نادادیەك و لەهەر هەڵاواردنێك و جیاكاری و نا یەكسانیەك دەكرێت. ئەم یاسایە هەتا بڵێی یاسایەكی قێزەوەنە كار بۆ ئەوە دەكات جارێكی تر ژن بەرێتەوە كونجی ماڵ و هەموو حقوقێكی یاسایی لێ زەوت بكات. لەم یاسا نادادیەدا شەرعیەت ئەدات بە بەشودان و اغتصابی كچانی نۆ ساڵ. یاسایەكە دژی مافەكانی مناڵانەو دەستدرێژیە بۆسەر كچان، هاوكات مناڵان لەخوێندن بێبەش دەكات..

# كرێكاران، زەحمەتكێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوكراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی كۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەكۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەكۆیەكی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فكر و راگەیاندنی دارزیوو فریوكارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فكری و حزبییەكانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەركی پێناسەكراوی خۆی سەركەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەكانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەكانتان، لە كێشەو گیروگرفتەكان و رێگریەكانی بەردەم خەبات و یەكگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بكەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بكەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەكەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی كار و قوربانیانی، هەواڵی سەركوت و دزی و تالانی دەسەڵات و كۆمپانیاكانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەكانیان، هەواڵی پێشێلكاری ئازادیە سیاسیەكان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەكان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەكۆی ڕاستبێژی و مەیدانێكی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەكی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەكی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



# فەرهەنگی سیاسی لە ناسنامەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم:

**بن دیوار:** بەو کەسانە دەوترێ معاشی ئیف وەردەگرن لەشکرێکی خەوتو وتەممەڵی بەرسیبەری حزبێکن.

**مەسینە هەڵگر:** بەو ماستاوچی وئاست نزم و بێ مۆڕاڵانە دەوترێت کە کەسایەتی خۆیان دۆڕاندووە.

**کۆیلە:** بەو کەسانە دەوترێ کە خاوەنی خۆیان نین لەسەرو خۆیانەوە بەکار دەهێنرێن لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، شانازیش بە کۆیلەبوونی خۆیان و سەرو خۆیانەوە دەکەن.

**قەلەم فرۆش:** بێ ڕەوشتترین کەسایەتی دەگرێتەوە کە بۆ مشتێ پارە درۆ بە قەڵەمەکانیان دەنووسنەوە.

**معاش دز، یان نیومعاش:** بەو حزبە دەسەڵاتدارانە دەوترێ کە دەستدرێژی دەکەنە سەر سفرەی خاڵی هەژاران.

**چەتە گەرایی:** بەو دیاردەیە دەوترێ کە جەردەیی بەسەر خەڵکەوە دەکەن و سەرانە لەخەڵکی وەردەگرن، بە پشتیوانی سیاسی یە باڵادەستەکان لە ناو شارو لە سنورەکاندا.

**مەلای دەم پیس:** بەو مەلایانە دەوترێ مایکی مزگەوتەکانیان و ڕاگەیاندنیان خراوەتە ئیختیارەوە بۆ سوکایەتی پێکردنی خەڵکی مەدەنی وپێشکەوتووخواز وئەرکی فتوایان لە ئەستۆ گرتوە .

**مەلای ژن دز:** بەو مەلایانە دەوترێ کە لەڕێی شەریعەتەوە هەموو بێ ڕەوشتییەک بۆ خۆیان بەڕەوا دەبینن و بە کۆمەڵگەش دەڵێت بێ ڕەوشت.

**بنەماڵە وخێڵەکی:** زیندووکردنەوەی خەسڵەتێکی ناسەردەمیانە و دواکەوتوانەی دەرەبەگایەتییە و لە دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵاتدا لە نێو بنەماڵەی خۆیاندا.

**زۆنی زەردو سەوز:** داهێنان و دەستکەوتێکی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی کوردایەتی یە، دوای شەڕی دەسەڵات "براکوژی" لە پێناو دەسەڵاتدا لە نێوان دوو حزبی زەردو سەوزدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

لەدێگەڵە بەملاوە: (لە دێگەڵە بەملاوە) (بۆت نی یە بێیت بەولاوە)

**٣١ ئاب:** دەستکەوتێکی مێژوویی و شانازییە بۆ حزبە زەردەکە بەهێناوەی حزبی بەعس بۆ کوردستان بۆ چاوسورکردنەوە لە نەیارانی خۆی.

**١٧ شوبات:** ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەی خەڵکی بەشخوراو بوو کە گۆڕان سەرەتا ناوی لێنا گێرەشێوێنی و پاشان سوار شەپۆلی ناڕەزایەتی ئەو خەڵکە بوو، لە دوا ئەنجامدا کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرمی ئەو شارە بوونە قوربانی و لەوبەریشەوە خۆیان لە گردەکەی زەرگەتە نیشتنەوە.

**١٦ ئۆکتۆبەر:** چالاکییەکی حسن پلایس بوو وە خیانەتێکی عادەت ئاسای بزوتنەوەی کوردایەتی بوو لە وێنەی ئاشبەتاڵێکی تردا وەک دەستەخوشکێکی ٣١ ئاب کە بە ئیتیفاقێکی سیاسی هاوڕێکانیان لە سەنگەردا بەجێهێشت.

**عەمالەتگەری:** چاوساغی و پێش لەشکری بۆ وڵاتانی دراوسێ تا قوڵایی ناوچە ئازادکراوەکان و سیخوڕی کردن بەسەر حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران وتورکیاوە، وە زەمینە خۆشکردن بۆ تیرۆر کردنی سیاسی وخەڵکی ئازادیخواز.

**دەیگۆڕین!!!:** ئەو بانگهێشتە فریودەرانە بوو کە لە گردەکەی نماو چیاوە خەڵکیان هەڵدەخەڵەتان لە پێناو دەست گەیشتن بە قاچێک لە کورسی دەسەڵات.

**تابوری ٥:** توهمەیەکی بەرەی کوردستانی بوو بە هەر دەنگێکی ناڕەزای و هەقخواز کە دژبە دزی وتاڵانی بەرز بوایەتەوە .

**کابینەبازی:** هێلانەیەکی کۆکردنەوە ودزینی سەروەت وسامان بوو لە پەرلەمانی کوردیدا.

**قەبرستانی بێ ناونیشان:** شوێنێکە بۆ بێڕێزی وتوندوتیژی تیرۆر لەسەر ژنان بە ناوی شەرەفەوە کە دەستکەوتێکی زێڕینی ئەم حزبانەبوو بەدەسەڵات وئۆپۆزیسیۆن و مەلا کۆنەپەرستەکانەوە.

**ئاخ بۆ هەڵەبجەیەکی تر:** یەکێک لە بەنرخترین وتەکانی ڕابەری بزوتنەوەی کوردایەتی جەلال تاڵەبانی دوای کیمیاوی بارانی هەڵەبجە.

**کاوان قادر، ڕێبوار حەمە شەریف**

**دەسەڵاتێك نەتوانێ موچەو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیانی فەراهەم بکات، لە فەرهەنگی سیاسیدا پێی دەوترێت "بزوتنەوەی کوردایەتی"**

## هەژاری



هەژاری ئەم کوژێ
هاوڕێی مناڵیمە
بەدرێژایی تەمەن لەگەڵمایە
زستان ئەم چەکێنێ
ئەم گرێنێ
بەجەستەم شارەزایە
لە هەموو دەلاقەکانەوە
چاوەکانیم تێ ئەبڕێ
لەسەر شەقامەکان تورم ئەدا
وێنە ترسناکەکانی تێکم ئەشکێنێ
ئای لەڕەنگی خۆڵەمێشی ئەترسم
زستانەو چۆقە چۆقی دانم دێ
هەژاری زۆر ئێواران ئەم گرێنێ
بەیانیان زو بەئاگام دێنێ
پارویەك نان... مشتێ خوێن و
بەرداشێك بۆجێی لاشەم
مەرگێکی هێمنی ئەوێ
ئەی مێژوی مرۆڤایەتی
کەی هەژارێ لەبۆنی گوڵ تێر ئەبێ
نەك بۆنی خوێن
کەی هەژارێ لەسەر کورسی دائەنیشێ
پێخەفەکەی جێگاکەی باش دادەپۆشێ
بەدوم کەوە
لەکارگەدا .... لەسەر شۆستە
لە خانوە چینکۆ دارەکاندا
لەو خانوانەی لەش ئەفرۆشن
لەدەرگادە ئەگەر ویستت ئاشنا ببی
دەتوانی لە نەخۆشخانە
لە کۆڵانە شێدارەکان
لە گازینۆ ماندوەکان
لەچەقی بازاڕی جەنجاڵدا
ئەی هەژاری بەدیت ئەکەم

**سەلام سعید/ سلێمانی**



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی هەشتەم**

**ئەنتەرناسیونال: پێشتر باسی دەستەواژەی دیموکراسیی ڕۆژئاوات کرد و وتت کە پێویستە جیاوازییەکانی ئەم چەمکە لەگەڵ دیموکراتیدا بناسین. دەکرێت لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدەیت.**

**مەنسوور حیکمەت:** بەپێچەوانەوەی دیموکراتیی لیبراڵی یان لیبراڵیزم و پەرلەمانتاریزم و هتد. "دیموکراتیی ڕۆژئاوا" دەستەواژەیەکە هیچ سەرچاوەیەکی فەلسەفی و تیۆری نییە، ئەم چەمکە لە مێژووی هاوچەرخدا بەرهەمی ململانێیەکی سیاسیی دیاریکراوە، یانی ململانێی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و هەبوونی جەنگی سارد لە نێوانیاندا. چەمکی دیموکراتیی ڕۆژئاوا بە پلەی یەکەم مەبەست لە بلۆکێکی سیاسییە، نەک ڕژێمێکی سیاسی. ئەم دەستەواژەیە زۆرتر مەکینەی ئایدیۆلۆژیی ڕۆژئاوا و زیاتر سیاسییەکان، لە ململانێ دژی ڕۆژهەڵات و سیستەمی ئابووری و سیاسی دەسەڵاتدار لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا بەکاریان دەهێنا. سەرەتا ئەوە بڵێم کە لەم ساڵەی دواییدا بە چوونەسەری پەتای ناسنامەی ڕۆژئاوایی و ئەورووپی و بەتایبەتی بەدارمانی ڕۆژهەڵات، دەستەواژەی دیموکراسیی ڕۆژئاوا بە ڕادەیەکی زۆر لەڕووی ناوەڕۆکەوە وردتر بۆتەوە. پێشتر وابەستەبوونی وڵاتێک بە ئۆردووگای دیموکراتی ڕۆژئاواوە، کە پێی دەوترا جیهانی ئازاد، کە مەرج نەبوو ئەو وڵاتە هەر لە ئەورووپا و ئەمەریکاشدا بێت، یان هەر پەرلەمان و حوکوومەتی قانوونیشی هەبێت، بەڵکوو تەنها وابەستەبوون بە ئۆردووگای ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی لێڵ و نارۆشنیش بەس بوو بۆ ئەوەی ئەم ناوە لە وڵاتێک بنرێت. دیموکراسیی ڕۆژئاوا پراکتیکێکی سیاسی دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو دەرخستنی لایەنگری بوو بۆ زنجیرەیەک پێوەر و کۆمەڵێک بایەخی سەرەکیی سیاسی و فەرهەنگی، لەویش گرنگتر ئابووری، کە ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا مەشخەڵ و بەرگریکەری بنەڕەتییان بوون. هەر بۆیە تەوەرەی بنەڕەتی ئەم چەمکە پیرۆزڕاگرتنی خاوەندارێتیی تایبەتی و وابەستەیی بە یەکێک لە پەیمانە سەربازییەکانی سەربە ئەمەریکاوە بوو. ڕۆشنە کە مۆدێلە سیاسییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا، پەرلەمانی بوون و لەژێر کاریگەری لیبراڵیزمدا بوون. بەڵام ناکرێت هەر وا بە ئاسانی هەمان شت سەبارەت بە ئیسرائیل، ئێرانی سەردەمی شا، فیلیپین، ژاپۆن، شیلی، یۆنان، تورکیا و ئەم جۆرە دەوڵەتانە، یانی ئەندامە فەخری و یەدەکەکانی دنیای دیموکراتیی ڕۆژئاوا بووبێت. بە کورتی قسەکەم ئەوەیە، کە دەستەواژەی دیموکراتیی ڕۆژئاوایی زیاتر هۆکارێک بوو لە ململانێی سیاسی و




ئایدیۆلۆژیی نێوان دوو بلۆکەکەدا، نەک چەمکێک لە مەیدانی حوقووق و تیۆری سیاسیدا.

بەڵام وەک وتم، ئەم چەمکە خەریکە ئەمڕۆ ناوەڕۆکێکی بەڕادەیەک تیۆریتر پەیدا دەکات. بێگومان تا ئێستاش ئەم دەستەواژەیە پێش ئەوەی کۆمەڵە شێواز و دامەزراوە و پێکهاتوویەکی سیاسی بگرێتەوە، مەبەستی جۆرێکی دیاریکراوە لە "مەدەنییەت" و ئاستی ژیان و "فەرهەنگ". دیموکراتی ڕۆژئاوا دەرخەری جۆرێکی دیاریکراوە لە ژیان، نەک تەنها ڕژێمێکی سیاسیی تایبەتی. پێدەچێ ئەمڕۆ لێکۆڵەرە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان بەگشتی دەستەواژەی دیموکراتیی ڕۆژئاوا بۆ سەرمایەدارییە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان بەکار بێنن، کە ئاستی بەکارهێنان (الاستهلاک) تیایاندا بەرزە و نەریتە دواکەوتووە قەومی و میللی و دینییەکان بوونەتە پاشکۆی فەرهەنگی فەردخوازانە و ململانێخوازانەی سەرمایەداریی پیشەسازی، بەتایبەتی ئایدیۆلۆژیی بۆرژوایی بووبێتە هێزێکی ماددیی ئەوتۆ کە بتوانێت پێکدادانە سیاسی و فەرهەنگییە توندوتیژەکان جڵەو بکات. هیندستان هەرچەندەش پەرلەمانەکەی پەرلەمان بێت و هەڵبژاردنەکەشی بێ دەست تێوەردان، بەم وەزعە و بەم خەڵکەیەوە، بەم ململانێ میللی و دینییانەوە کە سەرتاپای داگرتووە، بە نموونەی "دیموکراتیی ڕۆژئاوا" دانانرێت. بەڵام ژاپۆن تەنانەت ئەگەر گشت سیاسییەکانیشی داردەستی گانگستەرەکان و بەرتیلخۆری کۆمپانیاکان بن، بە دورگەیەکی دیموکراسیی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی دونیادا دادەندرێت. لەوانەیە تایوان و کۆریای باشووریش هەر وا سەیر بکرێن. بە تێڕوانینی من دەستەواژەی دیموکراتی لەوێوە سەرنجراکێشە کە ئەوەمان بۆ دەردەخات "سەرەوە" لە دیموکراتییەت چی دەوێت و بەناوی دیموکراتییەوە چی دەکات. ئەم دەستەواژەیە زۆر جیددیتر و واقیعیترە لەو ئەفسانە دیموکراتییەی کە ڕۆشنبیرە لیبراڵەکانی کۆمەڵگە چ لە دنیای سیاسەت و چ لە زانکۆکاندا دەرخواردی خەڵکی دەدەن.

**ئەنتەرناسیونال: بنچینەی ڕەخنەی مارکسیستی لە دیموکراسیی لیبراڵی و پەرلەمانی وەکوو چوارچێوەیەک بۆ جێبەجێبوونی عەمەلیی ئازادیی سیاسی لە کۆمەڵگە چییە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** دواتر کەمێک ئیسپاتیتر چەند قسەیەک سەبارەت بە دەستەواژەی ئازادی دەکەم. بەڵام دەربارەی دیموکراسیی لیبراڵی یەکەم خاڵ کە دەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لیبراڵیزم و بیرکردنەوەی دیموکراسیی پەرلەمانی وەکوو هەموو شێوە ئایدیۆلۆژی و تیۆرییە کۆمەڵایەتییە بۆرژواییەکان هەوڵ دەدات ڕیشەی چینایەتیی خۆی بشارێتەوە و وەکوو کۆمەڵە پرانسیپ و ڕاستییەکی گشتی و "مرۆیی" دەرکەوێت، بەڵام ناوەڕۆکی چینایەتی و جێگاوڕێگای لە ڕێکخستنی دەسەڵاتدارێتی بۆرژواییدا بە ئاسانی دەبینرێ. هەر وەکوو وتم، لیبراڵیزم ئایدیۆلۆژییەکە لە خاوەندارێتی بۆرژوازییەوە وەرگیراوە و داکۆکی لە خاوەندارێتیی بۆرژواییش دەکات. لیبراڵیزم وەرگێڕراوی میکانیزمی بازاڕ و پێداویستییەکانێتی بە زمانی تیۆریی سیاسی و حوقووقی. دیموکراسیی لیبراڵی بە پەرلەمان و هەڵبژاردن و شتەکانی دیکەیەوە، نیزام و سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگەیەکە کە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی لە ئاستێکی بنەڕەتیتردا لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بە دەسەڵاتی سیاسییەوە دیاریکراوە. ئایدیۆلۆژیی زاڵ ماهییەتی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان ناکات، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاراستەی دەکات. بەم پێیە دیموکراسی لیبراڵی ڕێک پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بانگەشەی بۆ دەکرێت. دیموکراسیی لیبراڵی چوارچێوەیەک بۆ بەشداریکردنی جەماوەری خەڵک لە کاروباری دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە، بەڵکوو پاکانە و ڕووپۆشێکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی چینێک، کەمایەتییەک، بەسەر کۆمەڵگەدا. لەبەرامبەر دەستدرێژی و ملهوڕییەکانی خاوەن دەسەڵاتەکاندا، پارێزراوبوونی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، چ گشتی و چ فەردی، زامن ناکات، بەڵکوو چەند بڕیار و پێوانەیەکە بۆ شێوەی شەرعییەتپێدانی حاشاکردن، وە یان زەوتکردنی ئەم مافانە. دیموکراسی چەمکێکە پەیوەندە بەشەرعییەتپێدانی دەوڵەتەوە، نەک بەجێگیربوون، وە یان دیاریکردنی کەسایەتیی سیاسیی دەوڵەتەوە. دەوڵەتی دیموکراتیک دەوڵەتێکە، ڕەوابوون و قانوونیبوونی لە دەنگدانی خەڵکەوە وەردەگرێت. بەڵام خودی وجوودی دەوڵەت، دەسەڵاتەکەی، ئەو بەرژەوەندییانەی کە بەشوێنیانەوەیە و ئەو چینەی کە دەوڵەتی لەدەستدایە لە ڕێگەی دەنگدان و پەرلەمانەوە دیاری ناکرێن و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ناپارێزرێن. ئەمانە ئیتر لەدەرەوەی پرۆسەی دیموکراتیک و لەجەرگەی خەباتی چینایەتیی بەرینتر و بە هۆی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن.

دیموکراسیی لیبراڵی شێوازێکە بۆ ڕەواییبەخشین بە دەسەڵاتدارێتی هەر ئێستا دامەزراوی بۆرژوازی و شاردنەوەی خەسڵەتە چینایەتییەکەی-بەڵام خودی ئەم دەسەڵاتدارێتییەیە، ئازادی پێشێل دەکات و لەگەڵیدا ناکۆک و ناتەبایە. دیموکراسیی لیبراڵی، وە یان هەر مەکتەبێکی سیاسیی دیکە، کە چوارچێوەی فیکری و ئیداری ئەم حاکمییەتە بێت، هەر بەم چەشنە بە ئازادی بێگانەیە. تەنانەت لە کامڵترین دیموکراسیی ڕۆژئاواییشدا، پەرلەمان، دەستووری وڵات، نەریتەکان، یاسا لیبراڵییەکان و شتی دیکە، پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و جێوڕێی ئەسڵیی بەماددیکردنیشی نین. لەبنەڕەتدا حاکمییەتی بۆرژوازی لەسەر زۆرنواندن، یان هەڕەشەی زۆرنواندن لەدژی خەڵک ڕاگیراوە. سەرکوت، تۆقاندن و فریودان تەوەری حوکوومەتی بۆرژواییە. هێزی چەکداری سەرکوتگەر، چ سوپا و پۆلیسی ئاشکرا و چ دەزگا نهێنییەکانی سەرکوت، دادگاکان و زیندانەکان و تەواوی سیستەمی دادوەری و سزادان، ئەمانە هەموویان کەناڵە ئەسڵییەکانی دەسەڵاتدارێتی و زامنی پاراستنی ئەم دەسەڵاتەن. بڕیارە سیاسییە بنەڕەتییەکان لەناو کۆڕ و کانوونە جۆراوجۆرەکانی چینی دەسەڵاتدار و لە ڕێگەی ئۆرگان و

بۆ لاپەڕە 13



# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

## ”بەشداری لە هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە!

نووسینی: بنار مستەفا

"حکومەت چاکسازی نەکات، ڕەخنەکانمان بە خەڵک دەڵێین." عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان لە مارسی ٢٠٢١، لە کاتێکدا حزبەکەی بۆ جارێکی تر لە حکومەت بوو.

لە کاتی نووسینی ئەم زنجیرە باسە، بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە گەرمی بەڕێوەیە. وەک هەمیشە لە بری بەیانکردنی بەرنامە و ئامانجی لایەن و کاندیدەکان، کە پاش گەشتنیان بە دەسەڵات چی دەکەن، زیاتر – زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین تەنها – فۆکسیان لەسەر تاوانبارکردنی یەکتری و نیشاندانی خراپەی لایەنەکانی ترە. بەڕاستی لە کەم جێگەی جیهان بەم ئەندازەیە ئاستنزمی لە بانگەشەی هەڵبژاردن دەبینێت.

**ئەوانەی ئیدعا دەکەن، کە بایکۆت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە، ئاگاهانە یان بێ ئاگا، بە مەبەست یان بێ مەبەست، دوو حزبی دەسەڵات بە ئاشتیخواز و دیموکراتیخواز لە قەڵەم دەدەن. گەر ئەوان چاوەڕوانیان بێت، کە پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردن دەستبەرداری دەسەلات بن، واتە دوورن لە هێزی سەرکوتکەر و دەسەلاتی خۆسەپێن. سەرنجراکیش ئەوەیە، کە هەر خودی ئەم لایەنانە خۆیان بە دروست دەسەڵاتی ئێستا بە خۆسەپێن پێناسە دەکەن...**

یەکێک لەو چەکانەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە دەستیانەوە گرتووە و زۆر دەیڵێن و دەیڵێنەوە، ئیدعایەکی پووچ و سەمەرەیە، کە دەڵێن "بایکۆت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە!" تەنها شیکاریەک، کە بۆ ئەم ئیدعایە دەیکەن ئەوەیە، کە "گەر خەڵکی نەچێت بۆ دەنگدان، لایەنگرانی پارتی و یەکێتی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و بەم شێوەیە دەسەڵات لە دەستی ئەم دوو حزبەدا دەمێنێتەوە". تەنانەت لە هەندێک لێدوان و دەربڕیندا، وەک هەڕەشە ئەمە ڕوو بە خەڵکی بەیانکردووە. بە شێوەیەک بە خەلکی دەڵێن گەر نەچن بۆ دەنگدان و دەنگ بە ئێمە نەدەیت، ئەوا ژیانی نالەبار لە سایەی ئەحزابی دەسەڵاتداری ئێستا درێژەی دەبێت.

ئەم ئیدعایە چەندە دروستە؟ ئایا بەڕاستی لە کوردستان ئەوە پەرلەمانە، کە خاوەن دەسەڵاتە؟ ئەوە کورسییەکانی پەرلەمانە، کە بڕیارە سیاسییە چارەنووسسازەکان یەکلایی دەکاتەوە؟ لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەسەڵات دیاری دەکرێت و دەستاودەستی پێ دەکرێت؟ لە هەموو گرنگتر، پەرلەمان توانای هەیە دەسەلاتی پارتی و یەکێتی سنووردار بکات؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە هەم بە تیۆری و هەم بە ئەزموونیکردنی بە تاڵترین شێوە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕۆشنە، کە نەخێرە. هیچ نیشانەیەک هەیە، کە بکرێتە پشتیوانی ئەوەی، گەر پارتی و یەکیتی دەنگی کەمیان هێنا، ئەوا هێزە چەکدارەکانیان، سەرچاوە داراییەکانیان و جومگەکانی دەسەڵات ڕادەستی لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکان دەکەن؟ ئاخۆ لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی دەنگی کەم و دۆڕاندن لە هەڵبژاردنەکان، یەکێتی ئێران ڕادەسپێرێت و پارتیش تورکیا، کە لێرە بەدوا هاوکاری و پشتیوانییەکانیان بدەنە لایەنی براوەی هەلبژاردنەکان؟ ئایا ئەم لایەنە براوانە دەبنە خزمەتکاری ئەم دوو وڵاتە و ئەو ڕۆڵە دەگێڕن، کە پارتی و یەکیتی ئێستا دەیگێڕن؟

پێگەیەک، کە پارتی و یەکێتی بەدەستیانهێناوە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی هێزی چەکداریانەوە بووە. پاش ئەوەی تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، پەرلەمانیان دامەزراند. ئاخۆ پەرلەمانێک کە دەستکردی خۆیانە و ئێستاش بە هۆی هێزی چەکداریان پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەیان دەکەن، دەتوانێت بچێتە سەرو دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر ڕۆشنن، بۆیە ئەستەمە لە دۆخی ئێستای کوردستاندا پەرلەمان توانای هەبێت کارێکی لەدەست بێت.

ئەوانەی ئیدعا دەکەن، کە بایکۆت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە، ئاگاهانە یان بێ ئاگا، بە مەبەست یان بێ مەبەست، دوو حزبی دەسەڵات بە ئاشتیخواز و دیموکراتیخواز لە قەڵەم دەدەن. گەر ئەوان چاوەڕوانیان بێت، کە پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردن دەستبەرداری دەسەلات بن، واتە دوورن لە هێزی سەرکوتکەر و دەسەڵاتی خۆسەپێن. سەرنجڕاکیش ئەوەیە، کە هەر خودی ئەم لایەنانە خۆیان بە دروست دەسەڵاتی ئێستا بە خۆسەپێن پێناسە دەکەن.

لە کوردستان ئەم باسە تەنها تیۆری نییە، نموونەی زیندووش لە بەردەستە. ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٣ ڕێژەیەکی زۆر بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و بزووتنەوەی گۆڕان، کە وەک ئۆپۆزیسیۆن خۆی دەناساند، دەنگێکی زۆری هێنا. لە هەڵبژاردنێکدا زیاتر لە یەکێتی. سەرئەنجام گۆڕان نەک نەیتوانی شتێک بگۆڕێت، تەواو لە نێو یەکێتی و پارتیدا توایەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەم دوو حزبەدا نەما. دەسەڵات بەمە سوودی زۆری وەرگرت. ناڕەزایەتییەکی فراوان کە لەو سەردەمەدا لە ئارادا بوو، بۆ نمونە بە توندترین شێوە لە ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دواتریدا دەرکەوت، دامرکایەوە و بەشێکی خرایە بەم پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانە سپێردرا. واتە ڕێگە گیرا لەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی بە ئەنجام بگات و دەسەڵاتیش لە جێگەی خۆی مایەوە.

دواتریش هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکە هاوتای دەسەڵاتی لێهات.

ئەگەر لایەنە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێستا ئیدعا دەکەن، کە بایکۆت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە، ئەوا بە کردەوە و بە ئەزموون خەڵکی کوردستان بینی، کە بەشداری لە دەنگدان بووە مایەی بەرژوەندی دەسەڵات. ئەمە لە کاتێکدا کە قسە لەسەر ئۆپۆزیسیۆنە و گوایە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستاوە.

کاتێک تەواوی جومگەکانی دەسەڵات لە کوردستان بە دەستی پارتی و یەکێتییەوەیە، ڕۆشنە کە دەستبەرداری نابن، لانی کەم لەسەر بنەمای دەنگەکانی هەڵبژاردن. ئەگەر لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەنگی زۆرینەش بهێنن، لە باشترین حاڵەتدا پارتی و یەکێتی دەیانکەنە شەریکی دەسەڵاتەکەیان. ڕەنگە چەند وەزارەتێک وەرگرن و بەشدارییەکی شکڵیان پێ بکەن لە حکومەتدا، بەڵام لەمە زیاتر دەستیان ناڕوات. عەلی حەمەساڵح، کە لە هەڵبژاردنێکدا زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا، نەیتوانی لە پەرلەمان دەورێکی ئەوتۆ بگێڕێت و زیاتر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە هەوڵی کاریگەردانانی دەدا.

ئەم لایەنە بەناو ئۆپۆزیسیۆنانەی ئێستاش زیاتریان لەدەست نایەت. لە باشترین حاڵەتدا هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان وەک ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان داوای چاکسازی لە حکومەت بکەن و هەڕەشەی درکاندنی ڕەخنەکانیان بۆ خەڵکی بکەن. دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیش هەر وەک پێشوو درێژە بە دەسەڵاتیان دەدەن و ئەم لایەنانە ناتوانن لە ڕێگەی پەرلەمانەوە تەنانەت دەسەڵاتیان لەوەی ئێستا کەم بکەنەوە.

سەربەخۆ لە شانسی بەدەسەڵات گەشتن و ئاڵوگۆر، هەڵبەت جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێو سیاسەتی ئەم لایەنە بە ناو ئۆپۆزیسیۆنانە و پارتی و یەکێتی بەدی ناکرێت. بەرنامەی جیاواز لە یەک و ئامانجی پێچەوانەیان نییە. لەسەر فیدراڵی و چارەنووسی کوردستان قسەیەکیان نییە، لەسەر گرفتە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆ پێشنیار و چارەسەریان نییە، لە بەرانبەر هێرشە درۆنییەکان بێدەنگن و هتد. ئامانجی ڕاگەیەندراوی ئەم لایەنانەش هەر گەڕانەوەیە بۆ بەغدا، بەڵام گوایە توانای ڕێکەوتنیان باشتر دەبێت و گەندەڵ نابن. ئەمە هەموو ئیدعای جیاوازی ئەم لایەنانەیە. لە باشترین حاڵەتی بە ئەنجامگەیاندنیشدا بە مانای درێژەدانی دۆخی ئێستا دێت بە ئاڵوگۆڕێکی شکڵییەوە، کە ڕەنگە بۆ خۆشیان شایستەی ئاماژە نەبن.

بەجیا لەم سەرنجانە، بەشداری لە هەڵبژاردن بە مانای قەبوڵ کردنی تەواوی پرۆسەکە دێت. واتە ئەنجامی هەڵبژاردن سەنگی مەحەکی یەکلاییکردنەوەی دەسەڵاتە لە کوردستان. هەروەها چوونە ناو پرۆسەیەکەوە، کە گوایە دەسەڵاتی داهاتوو دەستنیشان دەکات، لە کاتێکیشدا لە ئێستاوە دەسەڵاتی داهاتوو دیارە، کە لە ڕێگای هێزە چەکداری و ئەمنییەکانیانەوە پارتی و یەکێتی درێژەی پێ دەدەن، دەنگدان بە مانای شەرعیەتدان بەم دەسەڵاتە دێت.

لە لایەکی ترەوە بەشداری لە دەنگدان بە مانای ڕادەستکردنی ئیرادەی خەڵکی دێت بە نوێنەرانێک، کە بچن لە بری خەڵکی سیاسەت بکەن و بڕیار بدەن، لە هەمان کاتدا خەڵکی لە خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوبوون لە خوارەوە دووردەخاتەوە. گرنگە خەڵکی سنووری خۆی تەواو جیابکاتەوە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە و ئەو هێزانەی دەیانەوێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ببنە شەریکی! بۆیە لە بەرانبەر ئەم سیناریۆی گاڵتەجاڕییەی هەڵبژاردن، بایکۆت کارسازە. دیارە بە تەنها بایکۆت کافی نییە بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە، بەڵکو پێویستی هەنگاوی یەکەمە لە بەرانبەر ئەم سیناریۆی بە شەرعیەتدانەی دەسەڵات. ڕێکخراوبوونی ناڕەزایەتی خەڵکی دەتوانێت ئاڵوگۆڕی خواستی خەڵکی بەدی بهێنێت!

بەم هۆکارانە، دەنگدان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە. بۆیە بایکۆت گرنگ و کارسازە، تا شەرعیەت نەدرێتە دەسەڵاتی میلیشییای ئێستا، هەروەها ئیرادە لە خەڵکی نەسەندرێتەوە بۆ خەباتی جەماوەری خۆیان...

**درێژەی دەبێت**



## تاهیر حەسەن: ئەم شەڕە جنێوەی ئەمڕۆ ناویان ناوە هەڵمەتی هەڵبژاردن سەدجار گەواهی لەسەر ناوەڕۆکی دژی ئینسانی و تاسەرمۆخ کۆنەپەرستانەی بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی دەدات...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ تاهیر حەسەن سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: بڕیارە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠ ئۆکتۆبەری ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، لەو چوارچێوەیەدا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بە بێڕێزی و سوکایەتی و ناو زڕاندن و هەڵدانەوەی کارنامەی تاوانکارانەی یەکتری دەستی پێکردوە، چۆن دەڕوانە ئەم نەریتە و ئایا ئەمە نابێتە مایەی مەترسی دروستکردن بۆسەر ئاسایشی خەڵکی کوردستان؟**

**تاهیر حەسەن:** من شکم نییە، ئەگەر دەزگایەکی بێ لایەنی نێو دەوڵەتی لەسەر پێوانەی دژی مۆدێرن بوون و نامۆبوون بە ئینسانیەتی کۆمەڵگەی ئینسانی ئەم سەردەمە، پۆلێنێک بۆ ئەحزابی سیاسی دنیا بکات، ئەحزابی بۆرژوازی کورد ڕیزی خواری خوارەوە جێگای دەبێت. ئەم شەڕە جنێوەی ئەمڕۆ ناویان ناوە هەڵمەتی هەڵبژاردن سەدجار گەواهی لەسەر ناوەڕۆکی دژی ئینسانی و تاسەرمۆخ کۆنەپەرستانەی بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی دەدات. زیاتر لە سێ دەهەیە ملیۆنەها ئینسانیان لە چاوەڕوانی و نادیاری سبەینێدا ڕاگرتووە. زیاتر لە سێ دەهە ژن کوشتن، ڕەواجدان بە کۆنەپەرستی، زیاتر لە سێ دەهە بێکاری و بێ دەرمانی وبێ ئاوی ونائەمنی. زیاتر لە سێ دەهە ترس و دڵەڕاوکێ و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ، زیاتر لەسێ دەهە بێ قانوونی و بێ حکومەتی و ژیانی مەمرەومەژی لەسایەی دەسەڵاتی مافیای کوردایەتی و جۆرەها مشەخۆری ئیسلامیدا. دوای سێ دەهە دزی و تاڵانی ئەمڕۆ خەریکن لە ژێر ناوی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ناشیرینترین وشە، کە تەنیا لە فەرهەنگی ناسیونالیزمی کورددا جێگای دەبێتەوە، بەکار دەبەن. ئەمەش بەدروست خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ کردووەو سەرباری باری گرانی بێ کاری، بێ مووچەیی، بێدەرمانی، خەریکە کابوسی شەڕو نائەمنیش دەخەنە سەر ژیانی خەڵک. ئەم جنێوفرۆشییەی ئەحزابی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، کە لەئاستێکی فراواندا و بە بودجەی ملیۆنەها دۆلار ئاگاهانە بۆ ووروژاندنی ئیحساساتی لایەنگرانیان ئاراستە دەکرێت، مەحکومەو دەبێ بکەوێتە بەر نەفرەت و ناڕەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستان. ئەوان هەر سیناریۆیەک و هەرکەرنەڤاڵێکی درۆ بەخشینەوە دەگێڕن، کەیفی خۆیانە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بۆیان نییە جێگای ژیانی خەڵک نائەمن بکەن.

**بۆپێشەوە: هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیەکانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، هەڵبژاردن بە تاکە ڕێگای چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی هەرێم دەزانن، و بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەن بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**تاهیر حەسەن:** هەرهێزولایەنێک بانگەوازی خەڵکی کوردستان بکات تا بەشداری سیناریۆی هەڵبژاردن بکەن، بێ شک ئەولایەنە بەرژەوەندی لەمانەوەی هەلومەرجی کارەساتباری ئێستادا هەیە، واتە هەلومەرجی ئێستا بەلایەوە لەژێر پرسیاردا نییەو دەیەوێ ئەویش لەدەسەڵاتی تاڵانی ئێستادا لەڕێگای پەنجە مۆری خەڵکەوە گۆشەیەک بۆ خۆی بپچڕێ. سادەترین پرسیار کە هەرکەسێک دەتوانێ لەخۆی بیکات ئەوەیە: هۆیەکەی چییە ئەمجارە تاکە ڕێگا هەڵبژاردنەو ئەمجارە هەڵبژاردن هەموو کێشەکان چارەسەردەکات؟!. سەیر ئەوەیە هەموو ئەوانەی ئەم ئیدعا بۆش وپێ لەهەوایەیان هەیە، لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیە هیچ شتێک ناڵێن! ئێوە بۆ تەنیا ساتێکی کەم گوێ بۆ بانگەشەی لایەنەکانی دەسەڵات و چێشتی مجێورەکەی دەرەوەی دەسەڵات هەڵخەن، بزانن هیچیان تەنانەت بەڵێنی درۆش دەدەن بەوەی کە چارەسەری بچوکترین کێشەی ژیانی خەڵکی کوردستان دەکەن!.هەموو هەر خەریکن جنێو بەیەکتری دەدەن، عەبای کۆنەپەرستی مەلا ودین وجەهالەتی سەدەکانی ناوەڕاست بەشاندا دەدەن. خێرە هەڵبژاردنی ئەمجارە چارەنوسسازەو تەواوی کێشەی هەڵواسراوەکانی کۆمەڵگە چارەسەر دەکات؟ ئەم درۆ منداڵانەیە سی ساڵە بێ شەرمانە دەکرێ. لە کاتێکدا بەبەراورد بە خولەکانی پێشووی سیناریۆی هەڵبژاردن، تەواوی فاکتەرە جیهانی و ناوچەیی وناوخۆییەکانی عێراق وکوردستان سەد بەرابەر بە زیانی پێگەی هەرێم وقەوارەی هەرێم ودەسەڵاتدارەتی لەرزۆکی بۆرژوا ناسیونالیزمی کوردە. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێ سیناریۆی هەڵبژاردنی ئەمجارە لە هەمووجارەکانی تر پووچترو بێ ناوەڕۆک ترو بێ ئاسۆ ترە. سیناریۆی هەڵبژاردنی ئەمجارە ڕەنگە دەموچاوی لایەک بەرێتە لایەکی تر، دووگیرفانی قوڵ بدورێ بۆ هەندێک تاڵانچی تر. بەڵام کەمترین ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بەسەر ژیانی ملیۆنەها ئینسانی دەست تەنگی کوردستاندا ناهێنێ وهیچ پارویەی ناخاتە سەر سفرەی خاڵی وبێ ڕەونەقیان، بۆیە دەبێ ڕسوابکرێ.

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو ڕادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟ هەروەها لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت و دیزاینی سیاسی هەرێم بگۆڕێت؟**

**تاهیر حەسەن:** یەکێتی وپارتی بەوهۆیەوە کە پێیان وابوو ئەوهەلومەرجە کاتییەو ڕەنگە وەک ساڵی ١٩٧٤ ماوەیەک بخایەنێت ودووبارە هەلومەرجی پێشوو بگەڕێتەوە، بۆیە تاساڵی ٢٠٠٣ هەرچی داهاتو سەروەتوسامان و کەلوپەلی فەرمانگەکانی دەوڵەت هەبوو بەرەو ئێران فەرهودیان کرد. ساڵی ٢٠٠٣ بوون بەکاراکتەری سەرەکی لەبردنەپێشەوەی سیاسەتی وێرانکاری ئەمریکاوغەربداو بۆ وێرانکردنی عێراق هەرچی لەدەستیان هات درێغیان نەکرد. ئەوێ ڕۆژێ سوپای عێراق هەڵوەشاوە بوو، ڕیزەکانی ناسیونالیزمی عەرەب و دەستەوتاقمی ئیسلامی شیعەوسوننە پەرتوبڵاوو سەرقاڵی بڕاندنەوەی یەکتر بوون. بەمجۆرە هاوسەنگی هێز بەقازانجی یەکێتی وپارتی بوو. بۆیە لە ئاست لووت بەرزی و دەست درێژی و زۆر جار کوێخایەتیاندا، دان بەخۆداگر بوون. یەکێتی وپارتی بێ سڵەمینەوە وبێ پرسی کەس نەوتیان دەفرۆشت، گرێبەستی نیوسەدەیان واژۆ دەکرد وگوێیان بۆ کەس نەدەگرت، میلیشیاکانیان لەسەر بودجەی عێراق دەژیان!. ئێستا ئەوبەهارە بووە بە پایز، ئێستا هاوسەنگی هێز بەقازانجی ناوەند گۆڕاوە. ١٦ی ئۆکتۆبەر دەسپێکی گۆڕانی ئەم هاوسەنگی هێزە بوو، کە هەروا درێژەی هەیە. لەکەس شاراوە نییە ئەوەتا لە ژێرناوی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراقدا، هەر ڕۆژەو لەتێک لەدەسەڵات و ئیمتیازاتەکانی پێشویان دەکەنەوە. لە ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆو دراوسێی باش بین لەگەڵ عێراقەوە، هاتوونەتەسەر فڕکان فڕکان بۆ بەغدا!!!. تەماشاکەن ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنە لەم هەلومەرجەدا کە باسکرا خەریکە بەڕێوە دەچێت. ئێستا ئیتر سەخت نییە ئینسان لەوە تێبگات، بۆچی یەکێتی وپارتی و هێزەکانی دەرەوەی ئەوان، کە ناوی ئۆپۆزسیۆنیان لەسەر خۆیان داناوە، هەموو ئاسۆی

**ئەم جنێوفرۆشییەی ئەحزابی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، کە لەئاستێکی فراواندا و بە بودجەی ملیۆنەها دۆلار ئاگاهانە بۆ وروژاندنی ئیحساساتی لایەنگرانیان ئاڕاستە دەکرێت، مەحکومەو دەبێ بکەوێتە بەر نەفرەت و ناڕەزایەتی فراوانی خەڵکی کوردستان. ئەوان هەر سیناریۆیەك و هەرکەرنەڤاڵێکی درۆ بەخشینەوە دەگێڕن، کەیفی خۆیانە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە جێگای ژیانی خەڵك نائەمن بکەن.**

**لە ژێرناوی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراقدا، هەر ڕۆژەو لەتێك لەدەسەڵات و ئیمتیازاتەکانی پێشوی بزوتنەوەی کوردایەتی پارتی و یەکێتی دەکەنەوە. لە ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆو دراوسێی باش بین لەگەڵ عێراقەوە، هاتوونەتە سەر فڕکان فڕکان بۆ بەغدا!!!.**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانەوەی سبەینێی خۆیان وچارەنووسی خەڵکی کوردستانیان خستۆتە گرەوی گەڕانەوە بۆ بەغدا!. زۆنی سەوزو زەردە ساڵی ١٩٩٨ بەئامادەبوونی بارزانی وتاڵەبانی لە واشنگتۆن دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا خەتەکەی کێشا، بۆ مانەوەی ئەم سنوورە پارەی سەرف کردووە، میلیشیای یەکێتی وپارتی چەکدار کردووە، پسپۆڕی بۆ ڕاهێنانیان تەرخان کردووە. شکی ناوێ تا کاتێک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزە ئیمپریالیستەکاندا وەک ناوچەکانی نفوزی سیاسی وئابوری دووبارە پێناسە دەکرێتەوە، ئەم زۆنانە دەمێننەوە. بۆیە

## شکی ناوێ تا کاتێك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزە ئیمپریالیستەکاندا وەك ناوچەکانی نفوزی سیاسی وئابوری دووبارە پێناسە دەکرێتەوە، ئەم زۆنانە دەمێننەوە. بۆیە مەسخەرەی هەڵبژاردن تەنیا سیناریۆیەکە تا ڕووخسارێکی قانوونی ڕوو بە دنیا بدات بەم گاڵتەجاڕیە. سەخت نیە، تا ئینسان لەوە تێبگات...

مەسخەرەی هەڵبژاردن تەنیا سیناریۆیەکە تا ڕووخسارێکی قانوونی ڕوو بە دنیا بدات بەم گاڵتەجاڕیە. سەخت نیە، تا ئینسان لەوە تێبگات، کە ئەم کابووسە سی ساڵەیە بە دەنگدانێکی پێنج دەقەیی گۆڕی وون نابێت. پێشتر وتم یەکێتی وپارتی کراون بە پاسەوانی دوو ناوچە، زەرد بە پشتیوانی تورکیاو غەرب، سەوز بە پشتیوانی جمهوری ئیسلامی ئێران و ڕوسیا و چین. هەر حزب و لایەنێکی بۆرژوایی نارازی لە بەشی خۆی دەیەوێ لەم دەسەڵاتدارەتیەدا بەشدار بێت، لەسەریەتی بێتە نێو ئەو دیزاینی دەسەڵاتدارەتیەوە، کە یەکێتی وپارتی کراون بە پاسەوانی. بۆیە گۆڕینی دیزاینی دەسەڵاتدارەتی و لابردنی یەکێتی وپارتی بە دەنگدان و هەڵبژاردن، جگە لە خۆڵ کردنە چاوی خەڵک شتێکی تر نییە. دەبێ »نا «یەکی گەورەو پڕ شکۆی جەماوەری بەم پرۆسە گاڵتەجاڕیەی سیناریۆی هەڵبژاردن بدرێتەوە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی نەوەی نوێ و بەرەی گەل کە بەڵێنی گەورە بەخەڵکی کوردستان دەدەن؟ هەروەها بانگەوازی خەڵک دەکەن بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەڵێن ئەگەر خەڵک بەزۆری بەشداری هەڵبژاردن بکەن، پارتی و یەکێتی دەدۆڕێن...لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**تاهیر حەسەن:** بەبڕوای من دروست نییە حیزب و جەماعەتەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی بە ئۆپۆزسیۆن ناوزەد بکرێن. ناکرێ جەماعەتێک دەیان ساڵ لەسەر سفرەی دەسەڵاتی تالانچێتی ئەو دەسەڵاتە نانی

## گۆڕینی دیزاینی دەسەڵاتدارەتی و لابردنی یەکێتی وپارتی بە دەنگدان و هەڵبژاردن، جگە لە خۆڵ کردنە چاوی خەڵك شتێکی تر نییە. دەبێ »نا « یەکی گەورەو پڕ شکۆی جەماوەری بەم پرۆسە گاڵتەجاڕیەی سیناریۆی هەڵبژاردن بدرێتەوە.

خواردبێ و دەیان کۆمپانیای ڕووتانەوەی کۆمەڵگەی لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا قووتکردبێتەوە، ئێستا پەیامی فریادڕەسی خەڵکی کوردستانی لەم هەلومەرجەی ئێستا لێ قبوڵ بکرێ!!. ئەمانە خۆیان دەورەیەک لەگەڵ یەکێتی وپارتی حکومەتی بنکەفراوانیان پێکهێناو بەشی کرێکاران و زەحمەتکێشان، هەر بێمافی وبێ نانی وبێ کارەبایی وبێ مووچەیی و نائەمنی بوو. خێرە ئێستا نەوەی نوێ کە لەسەر سێڵاوی دەسەڵاتی تالانچێتی یەکێتی وپارتی سەوز بووەو لەڕێگای کۆمپانیاکانیانەوە بوونەتە ملیارێر دەتوانن بەدەرچەی خاڵی کردنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە هەلومەرجی ئێستاو بۆ ئەم ئەرکە چەند کورسی پەرلەمان وئیمتیازات ومووچەی بەلاش وکۆمپانیا وەربگرن. دەنا وەک پێشتر وتم یەکێتی وپارتی دەنگ بهێنن یان نا، پاسەوانی ئەو زۆنەن کە پێیان سپێردراوە، هەزار وەعدو بەڵێن تەنیا درۆیەکی ڕووتە. ئەوەی کە دەتوانێت تەواوی ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت، هاتنە مەیدانی کرێکاران وزەحمەتکێشانی کوردستانە بەئاسۆیەکی ڕۆشنی ئەم هەلومەرجە بگۆڕن!. پەیامی نەوەی نوێ چییەو پەیکەرەی ڕێکخراوەیی ئەم هێزە کامەیە تا بکرێ خەڵک چارەنووسی خۆی بداتە دەست؟. تەنیا یەک نەفەر لەسەری سەرەوە وەک کوێخا دانیشتوە و بەپشتیوانی یەکێتی میدیایەکی زەبەلاح وملیۆنەها دۆلاری لەبەردەستدایەو خەریکە خەڵکی هاندەدات پێنج دەقە لەکاتی خۆیان سەرف کەن وبچن دەنگ بدەن بەو!. هەموو پەیامەکاشیان ئەوەیە دەڵێن دەسەڵات درۆ دەکات!!!. لەکاتێکدا هەموو ئەو کاندیدانەی لەدەوروبەری شاسوار عبدالواحیدن، تەنیا یەک ڕستە پێچەوانەی قسەکانی ئەو بکەن، یان سوکە ڕەخنەیەکی لێ بگرن، دەریان دەکات. ئەو خۆی حکومەتە، خۆی دادوەرە، خۆی پەرلەمانە، خۆی کۆنگرەیە، خۆی حزبە!!!!، ئەو هێشتا هیچ کارەیە بەسەدان هەزار کەس کە ئامادە نین مل بەگاڵتەجاڕی هەڵبژاردن بدەن،؟ دەڵێ بەکرێگیراوی دەسەڵات !!. چۆن دەکرێ دەسەڵات بدرێتە دەستی ئاوها کەسێک؟ هونەری دروستبوونی نەوەی نوێ و

## ناکرێ جەماعەتێك دەیان ساڵ لەسەر سفرەی دەسەڵاتی تالانچێتی ئەو دەسەڵاتە نانی خواردبێ و دەیان کۆمپانیای ڕووتانەوەی کۆمەڵگەی لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا قووتکردبێتەوە، ئێستا پەیامی فریادڕەسی خەڵکی کوردستانی لەم هەلومەرجەی ئێستا لێ قبوڵ بکرێ!!.

بەرەی گەل و ڕەوتی هەڵوێست ئەوەیە، خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان دوای سی وسێ ساڵ ژیانی پڕ ئەسارەت لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی وپارتیدا، دەمێکە داڵغەی ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە لێیداون. ئەم داڵغەیە بەهەزارو یەک شێوە خۆی نیشان داوەو دەدات، هەر لەنەچوون بۆ دەنگدان، تاخۆپیشاندان، تا ١٧ی شوبات و تا نەبەردی ڕووبەڕوبوونەوەکانی تر. گۆڕان ونەوەی نوێ و هەڵوێست وبەرەی گەل و ئیسلامیەکان بۆ ئەوە دێن تا ئەو داڵغەیەی خەڵک نەبێت بە شۆڕش، لەبری کابوسی ڕووخاندن، ڕێگای هەڵبژاردن بگرنەبەر. ئەرکی ئەو هێزانە تەنیا ئەوەیە ببن

چینایەتیەوەو لەیەک نەبەردێکی چینایەتیدا ئەم نەهامەتیە کۆتایی پێ بێنێت وبۆ هەمیشە دەستی بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر ژیانیان لابەرێت.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟**

**تاهیر حەسەن:** تەنیا چاوێک لەکرۆزانەوەو هاتوهاوارو ئەوملیۆنەها دۆلارەی بۆ مەسخەرەی هەڵبژاردن سەرف دەکرێت، دەتوانیت لەوە تێبگەیت، کەبەرەی نەچوون و بایکۆت زۆرینەیە. ئاخر خەڵک بچێت چی هەڵبژێرێ. دەسەڵات هێشتا مووچەی مانگی هەشتی نەداوە، بەڵام لەملاوە ملیۆنەها دۆلار بۆ ڕیکلام سەرف دەکات، پارەی قەڵەم ودەفتەرو شیری منداڵانی بەبارمتە گرتوەو داوای دەنگوپەنجە مۆری خەڵک دەکات، ئەوە چ ڕوویەکی قایمە. خەڵک دەزانێ دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات هەر خەریکی فەرهود وڕووتانەوەی کۆمەڵگەن. باشە ئەوەی کە خۆی ناوناوە ئۆپۆزسیۆن ئەوملیۆنەها دۆلارە لە کوێ دەهێنن. بۆیە بەرەی بایکۆت بەرەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیە.

**بۆپێشەوە: ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**تاهیر حەسەن:** ئەوەی کەتا ئێستا بواری داوە یەکێتی وپارتی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە تا ئێستا بهێڵنەوە ئەوەیە، خەڵکی کوردستان دەزانن چیان ناوێت، دەزانن یەکێتی وپارتی ودووکان و بازاڕەکانی ئۆپۆزسیۆن نوێنەرایەتی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەوان ناکەن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەیان پەیدانەکرووە، تا لەڕێگایەوە ناڕەزایەتیەکانیان ئاڕاستە بکەن. دەورەیەک بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد بە ئاسۆی خۆیان، بێ ئاگا لەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕانیش لەهەمان خێزانی یەکێتی وپارتییە، بۆیە شکستی بەناڕەزایەتیەکانی ١٧ی شوبات هێنا. خەڵکی کوردستان نابێ چاوەڕێی هێزێک بکەن بێت ودەرگای ڕزگاربوونیان بۆ بخاتە سەرپشت، کرێکاران ودەست تەنگانی ملێۆنی کوردستان سی ساڵە دەسەڵاتی ڕەنگاوڕەنگی کوردایەتی تاقی دەکەنەوە، ئەوان هەتادێت دەوڵەمەندتر دەبن و بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەش هەژارتر، کەوایە دەبێ چاوەڕێی نەکەین وخۆمان گەرماو گەرم بکوتین ئاسنمان، ڕاستە نەچوون بۆ دەنگدان، نەخێر وتنی هەقە بە تەواوی سیستەمی سەرەوخواری دەسەڵاتی ئێستا، بەڵام تەنیا بایکۆت کافی نییە، هەر ئێستا کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، لەبری مەهزەلەی هەڵبژاردن، بەهێزی سەدان هەزارکەسیتانەوە یەخەی دەسەڵات داران بگرن و مووچەکانی خۆتان لە قوڕگیان دەربهێنن، مەهێڵن مووچەکانی ئێوە بدەن بە بەرتیلی دەنگ کڕین و کەرنەڤاڵی قێزەونی سیناریۆی هەڵبژاردن، هێزی کرێکاران وزەحمەتکێشان ولاوان و مامۆستایان تەنیا لەیەکگرتن وپشتیوانی یەکتریدایە. هەنگاوبە هەنگاو تا ڕاماڵینی یەکجاری ئەم مشتە مافیایەی کوردایەتی.

*******

## درێژەی...لێکدانەوەکان و واقیعەت...چاوپێکەوتن لەگەڵ مەنسور حیکمەت ...

دەزگا نافەرمییەکانەوە دەدرێن و تەنانەت کاری نوێنەرایەتیی ئەنجوومەن خۆی لەخۆیدا بە مانای ئاگاداربوونی نوێنەرانی ناوبراو لە کارکردەکانی نییە، نەخوازەڵا بەشداریکردن تیایاندا. تەنانەت لە نیزامە دیموکراتیکەکانیشدا ئەنجوومەن لە زۆر باردا، ئامرازی بنچینەیی نییە بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە پەسەندکراوانە دەرخواردی خەڵک بدات. ئەمە لە بنەرەتدا کاری ئاژانسەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی چینی دەسەڵاتدارە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەرمافە سەرەتاییەکانی خەڵک، ئەوا درێژە و مانەوەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دڵگەورەیی و تەحەمولی ئابووری و سیاسیی بۆرژوازییەوە هەیە. هیچ دیموکراسییەک لە دنیادا نییە کە چەمکی "بار و دۆخی نائاسایی" و حوکوومەتی سەربازی و هەڵوەشاندنەوەی مافە مەدەنییەکان لە یاساکان و نەریتە حوقووقییەکاندا تێهەڵکێش نەکرابێت. هیچ کەس نابێت بۆ ساتێکیش لەوە بەگومان بێت، کە تەنانەت لە کاتێکدا بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنێکی ئاسایی لە وڵاتێکی وەکوو بەریتانیادا باڵی چەپی خودی حیزبی کار (کرێکار) بێتە سەرکار، ئەوا هەر لە هەمان ساتی تەواوبوونی هەڵبژاردنەکەوە ڕەوەندی دەخاڵەتی سوپا و پۆلیسی نهێنی بۆ سەرەوژێرکردنی بەتۆپزی و سەرووقانوونی دەوڵەتی ناوبراو دەست پێ دەکات. خاسییەتی ئەم پاشا و شاژنانە کە لە کۆشکەکانی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا بە خەرجێکی بێشومار وەکوو سرکە هەڵگیراون ئەوەیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا وەکوو نیشانە بەرزەکانی وڵات و نیشتمان و سوپا دژی "خراپ کەڵک لێوەرگرتنەکانی چەپ" لە دیموکراسی بێنە مەیدان. مەبەستم ئەمەیە کە بازاڕی گەرمی دیموکراسیی لیبراڵی تەنانەت وەکوو چوارچێوەیەکی حوقووقیی شکڵی بۆ حاکمییەتی بۆرژوایی، یان زامنکەری مافە فەردی و مەدەنییەکان، بەدەورانە ئاسایی و بێ قەیرانەکانەوە تەنگەبەر دەبێتەوە. لە دەورانی قەیرانگرتوودا، لە دەورەیەکدا کە ململانێی چینایەتی توندوتیژ دەبێتەوە، تەنانەت سەرکەوتنی سۆسیالیستییانەی چینی کرێکار وەکوو هەڕەشەیەکی بیلقووە بۆ چینی دەسەڵاتدار دێتە ئاراوە، لە شەوێکدا ئەم بار و بنەیە دەپێچرێتەوە.

هەر چۆنێک بێت، نیزامی پەرلەمانی میکانیزمێکی ناڕاستەوخۆی بەشداریکردنی خەڵکە. نەک خەڵک، بەڵکوو بڕیارە کەسانێک بە نوێنەرایەتی ئەوان دەخاڵەت لە دەسەڵاتدارێتیدا بکەن. ئەم نوێنەرانە لە نیزامی پەرلەمانیدا "نوێنەری پابەند" نین، واتە، بەرپرسیار نین لەوەدا کە ویست و ئارەزووی ئەوانەی کە هەڵیان بژاردوون سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەرببڕن، بەڵکوو لە پەرلەمانەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی یاسادانان و شتی دیکەدا بۆچوون و ڕای خۆیان ڕادەگەیەنن. بە واتایەکی تر، خەڵک نەک بۆ نوێنەرایەتی و قسەکردن لەجیاتی خۆیان، بەڵکوو وەکوو جێنشینی خۆیان لە مەسەلەی دەسەڵاتدارێتیدا هەڵیان دەبژێرن. بەم پێیە پرۆسەی هەڵبژاردن بە مانای پرۆسەی مەشروعییەتپەیداکردنی دەوڵەتە، نەک دەخاڵەتی خەڵک لە سیاسەتدا. وە ئەمە، وەکوو پێشتریش وتم، مەسەلەی بنەرەتیی دیموکراسییە واتە، بەرقەراری حوکوومەتێک کە بەڕواڵەت لە خەڵکەوە هەڵقوڵاوە. هەڵبژاردن ئەمە بۆ چینی دەسەڵاتدار دەستەبەر دەکات. هەر چەند ساڵ جارێک لە لایەن خەڵکەوە ئەم مۆری تەئیدە وەردەگرن و دەچن بەسەرکاری خۆیانەوە. دەنگدەر هەر وەکوو پێشتر لە باسێکی تردا ڕوونم کردەوە، نەک وەکوو مرۆڤێکی دیاریکراو بە بۆچوونێکی دیاریکراوەوە، کە لە ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردنیشدا هەروا زیندووە و قسەی هەیە، بەڵکوو وەکوو تاکێک کە دەژمێردرێت، لەم سەرژمێرییە ناوبەناودا ئامادە دەبێ. نە کەسێک لێی دەپرسێت و گوێی لێ دەگرێ، نە دەستی بە جێگایەک دەگات و نە تا چوار ساڵی دیکە، کە دووبارە دەنگی بێ بایەخی لە نۆبەیەکی تردا بخاتەوە سندوقەوە، سەبارەت بەو یاسایانە کارێکی لەدەست دێ، نوێنەرانی ناوبراو سەبارەت بە ژیانی ئەو پەسەندیان دەکەن. دیارە دەتوانێ لەم ماوەیەدا ناڕەزایەتی دەربڕێ، بەڵام بە مەرجێک کە شار نەشێوێنێ و ناڕەزایەتییەکەی نەبێتە هۆی ڕوودانی پشێوی لە کاروباری ئاسایی کۆمەڵگەدا و زەحمەت و ناڕەحەتییەکی وا بۆ بۆرژوازیی سیاسەتمەدار و بۆرژوازیی کاسب دروست نەکات. ئەگەر وایش نەبێ، ئەوا وەکوو کرێکاری کانەکانی بەریتانیا، لەباربوونی خۆی بۆ بەهرەمەندبوون لە مافە مەدەنییەکانی لەدەست دەدات.

**درێژەی هەیە**

## درێژەی...نامەیەکی (لینین) ڕۆژێک بەر لەشۆرشی ئۆکتۆبەر...بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

دووبارە نووسینەوەی: ڕۆبێرت هاکوپیان، ئابان ۱۳۸۳

تێبینییەکان:

*کۆرنیلۆف ل،گ.(۱۸۷۰-۱۹۱۸): ژەنەراڵێکی تزار(قەیسەر)یی، شاهەنشاهی بوو، لەدووساڵی ۱۹۱۷ و ۱۹۱۸دا، یەکێک بوو لە ڕابەرانی شۆڕشی چەواشە.(و.کوردی).

*یونگەر: لەروسیای تزاریدا، بەو قوتابخانانە ئەگوترا کە لە قوتابخانەی سەربازیدا بوون. لە ڕۆژگاری شۆرشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷دا، ئەم یونگەرانە بەرابەری پارتە بۆرژوا فیوداڵەکانی شۆڕشی چەواشە، لەشارەکانی مۆسکۆ و پیترۆگراد و هەندێک شاری دیکە، بەرگریەکی چەکدارانەیان لەدژی کرێکاران و سەربازان، ئەوانەی دەسەڵاتی شوراییان دامەزراندبوو، بەڕیوەبرد.(و، کوردی)

*کۆمیتەی شۆڕسگێری جەنگ" بە شورای پیترۆگرادەوە وابەستە بوو، لەمێژووی ۱۲(۲۵)ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷، بەفەرمانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی بۆلشەویک، دامەزرا.

*کیرنسکی ئی، ف.(لەساڵی ۱۸۸۱ لەدایک بووە): سەرۆکی حکومەتی کاتی بۆرژوازی بوو لەماوەی نێوان مانگی تەموز(یۆنیو) تا تشرینی یەکەم(ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷. کاتێک کەشۆرشی سۆشیالیستی لە ۲۵ ئۆکتۆبری ۱۹۱۷ روخاند، کینسکی هەوکی ئەوەیدا کەلەدژی شۆرش و دەسەڵاتی شورایی کردەوەگەلێک ڕیکبخات.(و.کوردی)

*شتی رواڵەتی، شکڵی، رۆتینی، تەشریفاتی.(و.کوردی).

سەرچاوە:

**(نامەی لنین بە اعضای کمیتە مرکزی)**

## درێژەی دوا وتە

بزوتنەوەی گۆران، وەکو پارتی و یەکێتی و سۆشیالیست و نەوەی نوێ و ...تاد، دەرهاویشتەی بزوتنەوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ناسیونالیزمی کوردە... بزوتنەوەیەک کە دەکرێت دەیان حزب و ڕێکخراوی جیاجیا بۆ ئامانجەکەی پێک بێت، بەڵام بەهەمان ئەلگۆ و بەهەمان ناسنامە، بێ ئەوەی جیاوازییەکی سەرەکی بخاتە ڕوو، تەنها دەتوانێت ئەو ئاکامەی هەبێت کە بزوتنەوەی گۆڕان توشی بووە.

بزوتنەوەی گۆڕان... نە لەپەیوەند بە ئایندەی سیاسی کوردستان و نە لە پەیوەند بە پەیوەندی هەرێم و بەغدا و فیدرالیزم و نە لەپەیوەند بە مامەڵە لەگەڵ مافە فەردی و مەدەنییەکان و ئازادی بەیان و دەربرین و چاپەمەنی و ئازادی سیاسی... و نە لەپەیوەند بە دەستور و مافی ژن و نە لە پەیوەندی بە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و نەلەپەیوەندی بە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو... هیچ جیاوازییەکی بەرجەستەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی نیشان نەدا.. بەوەش لەلایەکەوە بزوتنەوەی کوردایەتی وە بەر نەفرەتکەوتووی جەماوەری لە تورەیی جەماوەری رزگارکرد و هەمیش بەرگری لە مانەوەی دەسەڵاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکیتی کرد و بە بەڵینی "چوار ساڵ ئارامی" یەکەمین بەشداریان لە حکومەتی پارتی و یەکێتیدا کرد و بەو هەنگاوەش بەکردەوە چووە بەرامبەر بە بزوتنەوەی وەقوڵپکەوتووی جەماوەری ناڕازی کوردستان. هەر ئەو جەماوەرە نارازییەی پێشوتر فریوی گۆرانیان خوارد، ئەمجارە ئەوان گۆرانیان خوارد و وەک هیزیکی سیاسی سفریان کردەوە. ئیستا گۆران لەو پەڕی ئیفلاسی سیاسی خۆیدایەتی.

گۆران توشی هەڵوەرینێکی ئابڕوابەرانە بوو، دەیان کەسایەتی بەرجەستەیان، پارتی لوشیدان و ژمارەیەکیان گەرانەوە ماڵە باوان و ژمارەیەکی یەکجار زۆریشیان، سەرگەردان و بوونە قوربانی خۆش خەیاڵیان بە بانگەشەکانی" دەیگۆرێن". دواتر مردنی نەوشیروان مستەفا و ئاشکرا بوونی گوێزانەوەی میرات و خاوەندارێتی گردەکە بۆ کوڕەکانی، لەلایەکەوە درۆی خاکی بوون و گەندەڵ نەبوون و هەژار بوون و هەژارانە ژیانی و درۆی وەستانەوە بەرووی تەوریسی سیاسیایدا، دەرکەوت و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پێگەی ئەو کاراکتەرە لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا سفر بکاتەوە.

بەرگری بەشی زۆری سەرکردەو کادرەکانی گۆران و پاساو هێنانەوە بۆ ئەم سکانداڵە سیاسییەی نەوشیروان مستەفا و بێ سەرمانەوەی گۆران... گۆرانی بەدواین خاڵی پاشەکشە و مردار بوونەوە و شەق بوون گەیاند. ئیستا کەس حەسودی بە گۆران نابات و شانسی هەڵسانەوە و پێگرتنەوەی گۆران بە گۆڕینی ڕێکخەرو جێهێشتنی گردەگەو حکومەت و پەرلەمان، بە جێگایەک ناگات. ئەگەر گۆران بیەوێت بەر بەو داڕمان و روخانە بگرێت، بەر لەهەموو شت دەبێ جیاوازییە بنەرەتیەکانی خۆی لەگەڵ پارتی و یەکێتی لەسەر پرس و مەسەلە بناغەیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە ڕوو، وە بەکردەوە نیشانی بدات، خاوەنی دونیا بینی و پرۆژەیەکی تەواو جیاواز لە پارتی و یەکێتی و هەڵگری لانی کەمی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکانە. ئایا ئەوە بۆ گۆران دەکرێت، پێکهاتە و تایبەتمەندی چینایەتی گۆران، ڕێگرە لەوە.

*******

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:


www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

شیرین ئەحمەد، ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای ڕەسام، تاهیر حەسەن، مستەفا باهیر، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، بنار مستەفا، سەردار عەبدوڵا حەمە، سالار ڕەشید، ژمارەیەک ژنی ناڕازی...

**دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟**

## هەڵبژاردن ... هۆنراوەی بەندی عەلی



به گیرفانی بەتاڵەوە
به کامی فێ چەپڵە لێدەی
بۆ کەینوبەینی ناندزی ..
دڵنیابە قوربان، لەوەی
تۆش یان عەشرەتی گیرفانی
یان مەلێکی دەماخسزی ؟
ئاخر لە حەشری سوتانا
ئەوە مایەی وڕیی واق و
ئەوپەڕی سنووری سامە ..
گوناهی گڕ نییە، یاران ؟
پەروانە عاشقی ئەو بێت،
دیارە هەر خۆی کزرفامە ‼
-----------------

ئۆپۆزسیۆن
کە ماست نەما
ئیدی سودی چییە، تەرکی
ماستاو کردن...
منەت بەسەر کێدا دەکەی
کەوچکی ماستاو ؟!
سەد ئەوەندە لە دوورەوە
بریسکەت بێت،
نەنگە هەرگیز تراویلکە
ببێت بە ئاو ..
ڕیبوارە کوژە دوورەکانی
ئەم هەوارە،
هەر هێندە جوان دەردەکەون
دوور بن... لە چاو ‼
ئەوانەی دوای وشکەساڵی
لە ئاغاکان دێنە وەلام،
دژ بە چۆلەکە برسییەکان
هیچی تر نین، زیاد لە هەندێ
داهلێ ، پەلوپۆ شکاو ‼

دوا وتە

# کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت!!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

لە چەند رۆژی رابردوودا بزوتنەوەی گۆڕان لە هەردوو ئاستی سەراسەری و خۆجێیدا بریاری کشانەوەی لە حکومەتی!! هەرێمی کوردستان دا. دیارە کشانەوە لەحکومەتی هەرێم، بەتایبەتی لە کۆتایی خولەکانی پەرلەمان و سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا، بۆتە خویەک کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ئولفەتی پێوە گرتووە. چ ئیسلامیەکان وەکو کۆمەڵ و یەکگرتوو، چ بزوتنەوەی گۆران لەکۆتایی هەموو خولەکانی پەرلەماندا، پرسی کشانەوە بەدەستەوە دەگرن. واتە لەماوەی چوار ساڵ یان زیاتردا، بەشداری لە حکومەتدا دەکەن و لە خێرو بیری سەرچاوەگرتوو لە بەشداری لە حکومەتدا دەخۆن، بەڵام لە کۆتایی تەمەنی کابینەکانی حکومەت و سەرەتای هەر هەڵبژاردنێکدا، بیریان دەکەوێتەوە کە حکومەت گەندەڵ و دزو ناکاراو نا هاوسەنگ و کۆنترۆڵکرای لایەنێکەو بەو هۆکارەش بریاری کشانەوە دەدەن.

ئەگەر کشانەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان لە خولەکانی پێشوودا بۆ شان خاڵیکردنەوە لە کاروکردەوەکانی حکومەت و بەڵینەکان و نابەرپرسیاریەتی حکومەت لە بەرامبەر بە دابینکردنی سەرەتاییترین خواست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەوانە لە پرسی موچەو بۆ خزمەتگوازرییەکانەوە تا دەگاتە سەرەتاتترین ماف و ئازادییەکانی جەماوەری بەش مەینەتی کوردستان... یان کشانەوە بەدەستەوەگرتنی بەوێنەی کەمپەینی هەڵبژاردن، بوو بێت، ئەوا کشانەوەی ئەمجارەی بزوتنەوەی گۆڕان لە بنەرەتدا بۆ ئەوەیە کە دەیانەوێت بەکۆمەڵگەی کوردستان بلێن، شکست و پاشەکشەی ئەوان و کوژانەوەی مۆمەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری بزوتنەوەی گۆران لە حکومەتدا. تا لەو ڕیگایەوە هۆکاری سەرەکی داکوژانی بزوتنەوەی گۆران و ئەزمەو هەڵوەرین و لێکترازانی ناوخۆی خۆیانی پێ پاساو بدەن.

دیارە بەشداری هەر حزب و هێزیکی سیاسی لە حکومەت و پەرلەمانی دیکۆر و قورمیشکراوی دەستی حزبدا، دەبێتە هۆکار بۆ بەدیکۆرکردنی ئەو حزب و لایەنە سیاسییەو پاشەکشەپیکردنی، بەڵام هۆکاری شکستی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی و بزوتنەوەی گۆران، هۆکارەکەی تەنها لە بەشداری حکومەت و پەرلەماندا نییە، بەڵکو ریشەی لە هۆکاری بنەرەتی تر دایە...

بۆ لاپەڕە 13

## سێ بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

